هەفتەنامەی سی فۆر کورد، کورترین ڕێگا بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت

www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

C4kurd
A Biweekly Publication on
Information Technology

No. (21) First Year
Tuesday July. 29 2008

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە

هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان— دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (21) ساڵی یەکەم سێ شەممە 29-07-2008





# بە ئاسانترین ڕێگا جوانترین سکرین سەیڤەر دروست بکە

لاپەڕە ٥

## کیبۆردێکی فێنک بۆ هاوین

بەکارهێنانی کیبۆرد لە هاویندا دەبێتە هۆی عارەقەو ماندوبونی دەست، بۆ ئەم مەبەستە شێوەیەکی نوێی کیبۆرد دروست کراوە کە پانکەی تێدایەو لەکاتی شت نوسیندا دەستت فێنك دەکاتەوە. کۆمپانیای Thanko ی یابانی هەستاوە بە دروستکردنی ئەم کیبۆردەو سێ پانکەی زۆر خێرایی تێدایەو هەر بە یو ئیس بی کۆمپیوتەرەکە کار دەکات. ئێستا ئەم جۆرە کیبۆردە فێنکە لە بازارەکانی یاباندا دەست دەکەوێتو نرخەکەی تەنها 62 دۆلارە.



## کۆمپانیای ویسترن خێراترین هارد لە جیهاندا دروست دەکات



کۆمپانیای بەناوبانگی تایبەت بە دروستکردنی هارد، ویسترن دیجیتاڵ ئەوەی ئاشکرا کرد کە هەستاوە بە دروستکردنی خێراترین هارد لە جیهاندا کە خێرایەکەی دەگاتە 10,000rpm و تەنها بۆ ئەو کۆمپیوتەرانە بەکاردێت کە سێرڤەرن و گاری تایبەتیان پی دەکرێت. هاردەکە ساتایەو خێرایی گواستنەوەی داتاکەی دەگاتە 3 گێگا بایت بۆ هەر چرکەیەك ئەم خێرایە زۆرەش پاڵپشتە بە تەکنیکێك کە پێی دەوترێت Rotary Acceleration Feed Forward technology (RAFF™). جگە لەمانەش بە قەبارەی 300 گێگاو 150 گێگا دروستی کردوە و وزەی پێویستیشی لە سەدا 35 ی هاردەکانی تر کەمترە. ئەم هاردە لە کۆتایی مانگی حەوت دەکەوێتە بازارەوە.

## مۆبایلێکی خاوەن کامێرایەکی بەهێز لەلایەن سامسونگەوە




کۆمپانیای سامسۆنگ هەستاوە بە دروستکردنی مۆبایلێکی زۆر پێشکەوتوو کە بە بەهێزی کامێراکەی ناسراوە، چونکە هەمیشە کامێرای مۆبایل لاوازەو ناتوانرێت کاری وێنەگرتنی بەهێزی پێ بکرێت. بەڵام سامسۆنگ مۆبایلی جۆری INNOV8 دروستکردوە کە بە یەکەم مۆبایلی خاوەن کامێرای بەهێز دادەنرێت و میمۆری ناوخۆیی 16 گێگایەو کامێراکەشی 8 مێگا پیکسڵە. بەو هۆیەوە وێنەگرتنەکەی زۆر لەبارەو وێنەی ڤیدیۆیەکەی لە چرکەیەکدا 120 چوارچێوەت بۆ دەگرێت.

جگە لەمانەش بلوتوس و رادیۆو GPS ی تێدایەو میمۆری جۆری microSD وەردەگرێت. هەروەها لە نەوەی سێهەمی مۆبایلەو بە سیستەمی Symbian S60 V9.3 Edition Feature Pack 2 کار دەکات.

کۆمپانیای سامسۆنگ بە نیازە لە کۆتایی مانگی هەشت و سەرەتای مانگی نۆی ئەمساڵ ئەم جۆرە مۆبایلە بخاتە بازارەوە رەنگیشە بتوانێت تا رادەیەکی زۆر رکابەری جۆرە پێشکەوتوەکانی مۆبایلی کۆمپانیاکانی تری وەکو نۆکیا و سۆنی ئێریکسۆن بکات.

## فێربونی بەرنامەکانی ئەدۆب لە ڕێگەی سایتی ئەدۆبەوە




کۆمپانیای ئەدۆب کە بەرهەمهێنەری فۆتۆشۆپ و فلاش و دریم ویڤەرو زۆری ترە لە بەرنامە زۆر گرنگ و بەکارهاتوەکانی بواری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی وانەی ڤیدیۆیی لەسەر سایتی ئەدۆب بۆ فێربونی بەرهەمەکانیان. ئەم کارەش لەلایەن چەند کەسێکی پسپۆڕەوە بەڕێوە دەچێت و بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ باسی چۆنیەتی فێربونی بەرهەمەکانی کۆمپانیای ناوبراو دەکات.

لەسەر لینکی http://tv.adobe.com دەتوانیت سەیری وانەکان بکەیت و تا رادەیەکی زۆر باش هۆکارێکی فێربونی بەرنامەکانی ئەدۆبەو تا ئێستا زیاتر لە 200 وانەی ڤیدیۆیی تێدا دانراوە و هەمووی وەکو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکرێت.

## ژمارەی لاپەڕەکانی گۆگڵ گەیشتە یەک تریلۆن

لەم رۆژانەدا سایتی بەناوبانگی تایبەت بەگەڕان، گوگڵ رایگەیاند کە ژمارەی پێوانەیی بڕیوەو ژمارەی لاپەڕە ئەرشیفکراوەکانی گەیشتۆتە یەك تریلۆن (1 000 000 000 000) لاپەڕە. رەنگیشە ئەم بڵاوکردنەوە ئاشکرایەیەی گوگڵ، کۆمپانیای یاهوو و مایکرۆسۆفت وا لێ بکات ئەوانیش ئەو لاپەڕە ئەرشیفکراوەی کە تا ئێستا لە ناو گەڕانەکەیاندا هەیە ئاشکرای بکەن.

بێگومان ئەم هەواڵە سەرکەوتنێکی تری گوگڵ دەردەخات و زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ یاهوو و مایکرۆسۆفت کە هەمیشە گوگڵ کارەکانی لە لوتکەدایە.

## کۆمپیوتەرێکی کوپ ئاسا

دیزاینەر Jason Farsai هەستاوە بە دیزاینی جۆرە کۆمپیوتەرێکی نمونەیی کە لە شێوەی کوپێکی قاوە دایەو بەهۆیەوە هەموو کارەکانی کۆمپیوتەری پێ دەکرێت و بە وایەرلێسیش ئینتەرنێت وەردەگرێت و ناوی نراوە یونو. بەهۆی شاشەیەکەوە کە لەسەر کۆپەکەدا هەیە دەتوانیت سەیری وێنەو سا یتە کا نی ئینتە ر نێت بکەیت. ئەم کارەش بۆ ئەوەیە کاتێك بەیانیان خەریکی خواردنەوەی قاوەو چایت بتوانیت بە زووی ئیمه یله کا نت بکەیتەوەو ئاگات لە هەواڵی سیاسی و وەرزشی و کەشوهەوا هەبێت جگە لەوەی سەیری ڤیدیۆ تازەکانی یوتوب بکەیت. چونکە ئەم کۆمپیوتەرە خاوەنی شاشەیەکی زۆر روونە. وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم بیرۆکەیە ببێتە مایەی سەرنجی خەڵك و سەرکەوتو بێت.



## ١٨٠ ملیۆن سیدی ویندۆز ڤیستا فرۆشرا

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەگەڵ یەکەم دەرکردنی ویندۆز ڤیستا توشی شکستێکی زۆر هات و ئەو شکستە هەتا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام گەورەیی و زەبەلاحی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رێگەی بەوە نەداوە ئەم بەرهەمە نەفرۆشرێت و بەڵکو بەردەوامە لە فرۆشتنی.



لە مانگی پێنجی 2007 مایکرۆسۆفت رایگەیاند کە 40 ملیۆن سیدی ویندۆز ڤیستا فرۆشراوە. لە کانونی دوهەمی ساڵی 2008 ژمارەی فرۆشتنی ویندۆزی ڤیستا گەیشتە 100 ملیۆن. دوای چوار مانگ و لە نیسانی ئەمساڵ 140 ملیۆن فرۆشراوە. ئەم مانگەش ژمارەی فرۆشتنی ویندۆز ڤیستا گەیشتە 180 ملیۆن.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت زۆر کەم هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی ژمارەی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان. بەڵام ئەو شکست و ناوبانگە خراپەی کە ڤیستا هەیەتی پاڵنەرێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو سەرژمێریانە تاکو رایبگەیەنن فرۆشتن و بەدەمەوە هاتنی بۆ ویندۆزی ڤیستا هەر هەیەو بەردەوامە.

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ یانە کوردییەکان

هێمن فاتــح

زۆربەی سایتە کوردیەکان هەوڵی کردنەوەی یانە (فۆروم) دەدەن بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە. یانە یاخود Forum یان منتدى بريتييه لە شوێنێك لە ناو ئینتەرنێتدا بۆ گفتوگۆ و پرسیارو وەڵامە، هەموو کەسێك دەتوانێت ببێتە ئەندام لەوێدا بەشداری بکات و وەڵامی ئەندامان بداتەوەو خۆشی پرسیار بکات. هەندێك سایتی تریش تەنها یانەیان هەیە و خاوەنی سایتی تایبەتی نین. بەڕادەیەك ئێستا وایلێهاتوە بووەتە چاو لێکەری و هەرکەس هەڵدەستێت یانەیەك دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەش هەندێکیان ئەمسەرو ئەو سەری دیار نییە و لە چەپەوە تا ڕاستی لە خۆ گرتووە.

ئەگەر سەیری هەندێکیان بکەیت ئەوەندە بەشی کردۆتەوە کە بۆت ناژمێردرێت بە ڕادەیەك لە پێشنیارو ڕەخنەوە بیگرە تا بەشی کۆمپیوتەر، پزیشکی ، ئیسلامی ، هۆنراوە، چیرۆکی بەرئاگردان ، نوکتە، یەکترناسین ، بابەتی سیاسی، فیلم و گۆرانی، مۆبایل و سەتەلایت، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و هەتا بیری لێ دەکەیتەوە بەشی تێدایە. وەکو چێشتی مجێوەری لێهاتووە.

تارادەیەك لێمان تێکچووە سەردانی کام سایت بکەین و سایتە کوردییەکان لە بواری دروستکردنی یانە تایبەتمەندی خۆیان لە دەست داوە و وا هەست دەکەن ئەگەر هەموو بوارەکانی ژیانی تێدا بێت ئەوە سەرکەوتوو دەبێت و ئەندامی زۆر دەبێت. لەگەڵ ئەوەی پێویستە بزانین کە یانەی تایبەت بە گۆرانی ئەو کەسانە سەردانی دەکەن کە دەیانەوێت گوێ لە گۆرانی بگرن و یانەی کۆمپیوتەر ئەو کەسانەن میوانانی کە حەزیان لەو بوارەیە. بەڵام یانەی هەمەجۆری ئەوها نازانین کێن میوانانی؟. چونکە ئەوەندە بەشی لە خۆ گرتووە کە هیچی نەهێشتوەتەوەو هەموو کاتێکیش ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی ئەو یانەیە دەکەن ناتوانن بەسەر هەموو بەشەکاندا زاڵ بن و هەریەکەیان حەقی خۆی بدەنێ.

یەکێکی تر لەو هەڵانەی کە خاوەن یانەکان توشی دەبن ناوی زل و یانەیەکی بێ هێزە، بۆ نمونە یانەیەك ناوێکی گەورە لە خۆی دەنێت و دەڵێت تەنها منم فێرکەری کورد بۆ زانستی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. کەچی کە دەچیتە ژوورەوە و بابەتەکانیان دەخوێنیتەوە تەنها وەرگێڕانێکە لە چەند زمانێکی ترەوە و هاتوون لەوێ کۆپی و پەیستیان کردووە. بێ ئەوەی بزانن ئەم کارە چۆن دەکرێت و کاتێکیش پرسیاریان لێ دەکرێت قەڵس دەبن و ناتوانن وەڵامێکی دروست بدەنەوە.

ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، پێویستە خاوەن یانەکان بزانن لە چ بوارێکدا شارەزان و دەتوانن وەڵامی میوانەکانیان بدەنەوە نەك تەنها هەوڵی کۆکردنەوەی ئەندام بدەن و واهەست بکەن کە ژمارەی ئەندام زۆر بوو ئیتر سەرکەوتویت. هەربۆیە زۆربەیانمان بینیوە تا ماوەیەك بڕ دەکەن و لە ناوەڕاستی کاروانەکە هیچیان پێ نامێنێت و دەچنە خانەی مت بونەوە.

لایەنێکی تری ناوازە کە لە ناو یانە کوردیەکاندا دەردەکەوێت، دوژمنایەتی و ڕق بونەوەیە لەیەکتر. بەڕادەیەك پێیان ناخۆشە ناوی سایتێکی تر لەناو یانەکەدا بنوسرێت. بە پێچەوانەی هەموو یانە ئینگلیزی و عەرەبیەکانەوە کە هەمیشە یارمەتی دەری یەکترن بۆ بڵاو کردنەوەو ڕیکلام کردن بۆ یەکتری، بەڵام یانەکانی ئێمە یەکەم یاساو گرنگترینیان ئەوەیە کە نابێت ڕیکلام بۆ سایتەکەی خۆت بکەیت. وا دەزانن ئەگەر ئەو سایتە لەوێ نوسرا ئیتر ئەندامەکانی ئەم یانەیە دەچنە لای ئەوان و ئەمان دەست بەتاڵ دەمێننەوە. جگە لەمانەش زۆرجار جەنگێك و قسەی ناشرین دەکەوێتە نێوانیانەوە، کە وا هەست دەکەیت شەڕێکی تری براکوژیە بەڵام ئەم جارە شەڕەکە ئەلکترۆنییە و بەهۆی ئینتەرنێتەوەیەو قسەی ناشرین و دوور لە زانستی نامێنێت بە یەکتری نەڵێن. زۆرجاریش بیستراوە یانەیەك بە یانەیەکی تری وتوە تۆ ئەندامەکانی من دەدزیت!!!

جگە لەمانەش زۆر جار یانەیەك دەکەینەوە کە ناونیشان و دروشمەکەی خزمەتگوزارییە بۆ کوردو کوردستان، کەچی هەر بەشێك دەکەیتەوە دەڵێت هەتا نەبیتە ئەندام ناتوانیت ئەم بابەتە ببینیت. نازانم ئەمە ئەگەر تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە بڵێت ئەندامم زۆرە چونکە لەوە زیاتر هیچ حیکمە تێکی تری تێدا نییە، مادام تۆ دەڵێیت خزمەت دەکەم ئیتر بۆ دەبێت ئەوەی سەردانت دەکات ئەندام بێت لات ئەوکات بتوانێت با بە تە کا نی ناو یانەکەت ببینێت؟. یاخود زۆرجار بابەتەکەش دەکرێتەوە بەڵام دەنوسرێت دەبێت ببیتە ئەندام ئەوکات لینك وێنەکانی ئەم بابەتە دەبینیت. لە ڕاستیدا خزمەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بێ بەرامبەر بیگەیەنیتە میوانەکانت و ئەو کەسانەی سەردانی یانەکەت دەکەن بە ئاسانترین شێوە بتوانن سود لە یانەکەت ببینن. نەك خاوەنی یانە مەرجیان لەسەر دابنێت. ئەوکات ڕەنگە بۆ ماوەیەك ئەندامت زۆر بێت بەڵام هەموو کات و هەموو کەس تاقەتی ئەوەی نییە ناو تۆمار بکات و ببێتە ئەندام بۆ بینینی بابەتێك کە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی لە یانە عەرەبی و ئینگلیزیەکاندا بیدۆزێتەوەو باشتریش شی کرابێتەوە.



ئەمانەو زۆری تریش سیمای هەندێك لە یانە کوردیەکانە کە بەو ئومێدەی هەوڵی بنەبڕکردنیان بدرێت و ئەوەندەی گرنگی بە ناوەرۆکی یانەکە بدرێت کەمتر هەوڵی لەکەدارکردنی یەکترو ماندوو کردنی ئەندامان بدرێت. بە یارمەتیدانی یەکترو هاریکاری لە نێوان یانەکاندا روکارێکی جوانترو بەهیزتر دەبەخشرێت بە یانە کوردیەکانی ئینتەرنێت نەك بەم شێوە پەرتەوازیەو هەرکەس بۆخۆی کار دەکات.

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ باشترین دیزاینەری جیهان لە بەرنامەی فۆتۆشۆپ



کۆڵین سمیس (Colin smith)ی بەیەکێك لە بەهێزترین بەکارهێنەرەکانی فۆتۆشۆپ دادەنرێت لە جیهاندا و تا ئێستا سێ جار یەکەم بووە لە (GURU) ی جیهانی. جگە لەوەی خاوەنی بیرکردنەوەیەکی فراوانە لەبەکارهێنان و داهێنانکاری لە بەرنامەی فۆتۆشۆپدا. سمیس خەڵکی ئەمریکایەو خاوەنی سایتی بەناوبانگی تایبەت بە فۆتۆشۆپ (www.photoshopcafe.com)ە کە وانەو فێرکاری زۆری لە خۆ گرتووە.

یەکێك لە گۆڤارەکانی ئەمریکا ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا کردووە دوای ئەوەی بە باشترین دیزاینەری فۆتۆشۆپ لە جیهاندا دەستنیشانکرا:

**+ کەی دەستت کرد بەکارکردن لە بواری دیزاین و چۆن بوو؟**

- بەتەواوەتی بیرم نییە بەڵام ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە خەریکی ئەم کارەم. بەڵام بە شێوەیەکی تەواوەتی 10 ساڵ لەمەو پێش دەستتم پێکرد ئەوکاتەی کە تەمەنم 25 ساڵ بوو. بەڵام حەز دەکەم گوێ بە تەمەن نەدەن کەی حەزتکرد دەست پێ بکەیت، ئەوە دەست پێ بکەو بەردەوامبە.

**+ ڕێگەکانی داهێنانکاری چییە لە دیزایندا و چۆن دەبیتە داهێنەر؟**

- زۆر ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی داهێنەر، لەگەڵ ئەمەشدا دەکەوێتە سەر کەسەکە خۆی. یەکەم شت بەردەوامیەو دوای ئەویش حەزکردنە لەو کارە. گرنگترین هۆکاریش بۆ دەست پێکردنت لە سەرەتاوە خوێندنەوەیە، بەخوێندنەوە زۆر بیرۆکەت بۆ دێت و بیرکردنەوەت فراوان دەبێت. چونکە کاتێك زۆر دەخوێنیتەوە ئەوە زۆر جۆرە ڕێگە بۆ فێربونت فێر دەبێت چونکە هەر نوسەرێك بە شێوەیەك و ڕێگەیەکی جیاواز هەڵدەستێت بە روون کردنەوەی کارەکەی بۆیە بە هۆی خوێندنەوە لەهەموو ڕێگەکان شارەزا دەبێت. هەر شتێکیشت خوێندەوە پەلە بکە بۆ جێبەجێکردنی لە بەرنامەی فۆتۆشۆپ بەڵام پەلەمەکە لە باش دەرچونی ئەنجامەکەی. هەروەها دەشتوانیت ڕێگای ئەکادیمی بگریتە بەر و لە پەمانگاو کۆلێژەکانی تایبەت بە دیزاین بخوێنی بەڵام ئەم کارە پارەیەکی زۆرو کاتێکی زۆرت لێ دەبات جگە لەوەی زۆرجار فێری لاسای کردنەوە دەبێت. دوا کاریش بۆ ئەوەی ببیتە داهێنەر هەرگیز توشی بێ ئومێدی مەبە.

**+ ئەگەر کەسێکی سەرەتایی ئامۆژگاری بکەیت لە بواری فۆتۆشۆپ چی دەڵێیت؟**

- پراکتیز، واتە کارکردن و هەوڵدانی بێ ماندووبوون. هەوڵبدە ئەو وانانەی کە هەیە جێبەجێیان بکەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەسەبر بیت و وازمەهێنە و بێئومێدی رووت تێنەکات کە خەریکی جێبەجێکردنی وانەیەکی. چونکە لەپڕێکدا ناتوانیت بگەیتە ئاستێکی پرۆفیشناڵ و هەرگیز بە شەو و ڕۆژێك نابیتە داهێنەر لە دیزایندا.

**+ رات چۆنە بەرامبەر بەکارهێنانی زیاتر لەبەرنامەیەك بۆ کاری دیزاین؟**

- فێربونی زیاتر لەبەرنامەیە کارێکی باشە. بۆ نمونە بۆ دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت پێویستت بە بەکارهێنان و زیاتر لەیەك بەرنامەیە، بۆیە بە تەنها یەك بەرنامە ناتوانیت هەموو کارەکانت بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زانینی بەرنامەیەکی سەرەکی و گرنگ و پێویستە.

**+ فلتەر (پلەگین) گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە تۆ ڕات چۆنە؟**

- فلتەر هەنگاوەکانت بۆ کورت دەکاتەوە، لەجیاتی چەند هەنگاوێکی زۆر کارێك بەئەنجام بگەیەنیت ئەو بۆ یەك دوو هەنگاو کارەکەت بۆ دەکات. من وەکو خۆم هەموو جۆرە فلتەرەکان لەناو بەرنامەی فۆتۆشۆپەکەمدا هەیەو زۆریانم خۆش دەوێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین زۆر بەکارهێنانیان زیانت پێ دەگەیەنێت. من کاتێك کارێك دەکەم هەوڵی زۆر دەدەم بە هیچ شێوەیەك فلتەر بەکارنەهێنم چونکە حەزم لە تەحەددا کردنەوە ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە فلتەر داهێنانی دەکوژێت.

**+ بەبێ هیچ دەمارگیریەك بەلای تۆوەوە فۆتۆشۆپ باشترین بەرنامەیە بۆ کاری وێنەو دیزاین یان کۆرڵ درۆ؟**

- کۆرڵ درۆ بەرنامەیەکی زۆر بەهێزە بەتایبەت بۆ دروستکردنی لۆگۆ و ئارم، جگە لەوەی بەکاردێت بۆ دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت. بەڵام هۆکاریك هەیە کە وای لە فۆتۆشۆپ کردووە هەمیشە لە سەرووی ئەوەوە بێت چ لەبەکارهێنانیدا یاخود لە فرۆشتنیدا، ئەویش ئەوەیە زۆرکار هەیە لە فۆتۆشۆپدا دەکرێت لە کۆرڵ ناکرێت و بەکارهێنەرانی فۆتۆشۆپ زیاتر پشت بە داهێنان و توانای خۆیان دەبەستن و هەموو کارەکان دەبێت خۆت بیکەیت بەڵام لە کۆرڵ کەمترە.

جگە لەمانە ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین سمیس خاوەنی چەندین کتێبی فێرکاریە لەبواری فۆتۆشۆپدا، جگە لەوەش لەناو سایتەکەی خۆیدا زۆر وانەی بە نوسین و وێنەو ڤیدیۆ داناوەو خاوەنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییە بۆ فێربونی فۆتۆشۆپەو چەندین سیدی وانەی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوەی وەکو مامۆستای تایبەتی فۆتۆشۆپ وانە دەڵێتەوە.




### پێنج ئامۆژگاریەکەی سمیس:

١- ئاگات لە کاتت بێت، زۆرکەس هەیە کارەکانیان بە پەلە دەخەنە بەردەستی خەڵکی دەیانەوێت بەیەك جار هەموو شت فێر بن. بەکاتێکی کەم و هەوڵێکی زۆر خۆت فێر بکە.

٢- هەوڵ مەدە تەنها پشت بە وانەکان ببەستیت، خۆت بیر بکەرەوە کارێکی تازە بکەیت. وانەکان ڕێگەیەکت پیشان دەدات تۆ دەتوانیت ڕێگەکە بەشێوەیەکی تر پیشان بدەیت.

٣- چۆن برسیت بۆنان خواردن ئەوهاش برسیبە بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و وانەکانی ئینتەرنێت و سەیرکردنی ڤیدیۆی فێرکاری.

٤- پراکتیز (کارکردن)ی زۆر لەسەر فۆتۆشۆپ، چەند زۆرتر کاری لەسەر بکەیت ئەوەندە زیاتر فێر دەبیت.

٥- ئەوەی بەشوێن شتێکی نوێ و داهێناندا دەگەڕێت پێویستی بە مامۆستا نییە.

# چۆن وا لە فایل و فۆڵدەرە شاراوەکان بکەین کە پیشان نەدرێن؟


هێرش شێخ وەسانی
hersh_hsh@yahoo.com

جاری واهەیەپێویستە ئەو فایل و فۆڵدەرانە بشارینەوە (hidden) کە گرنگن لەلامان، بۆ ئەوەی ناچار نەبین بیان سڕینەوە (delete) یان بۆ هەر کارێکی تر، چونکە شاردنەوەو هێنانەوەی فایل و فۆڵدەرە شاراوەکان کارێکی ئاسانە کە لەڕێگەی (folder option) دەکرێن. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگەبگرین لەپیشاندانیان ئەوا هەڵدەستین بەشاردنەوەی (folder option) لەناو کۆنترۆڵ پەناڵ (control panel)و و لە لیستی (tools) لەناو (my computer). بۆ شاردنەوەی ئەم هەنگاوانە دەکەین.

1. کلیك لەسەر (start)دەکەین ئینجا دەچینە سەر(run)و دەنوسین(regedit) پاشان (ok)دەکەین.

2. پاشان کلیك لەسەر (HKEY_KURENT_USER) ئینجا (SOFTWARE) و(MICROSOFT)و(WINDOWES) و (CURENTVERSION) و (EXPLORER)و (POLICIES).


3. لەلای دەستەڕاست کلیکی ڕاست دەکەین و دەچینە سەر (DWORD VALUE) ئینجا ناوی کلیکەکە دەنێین (NOFOLDEROPTIONS) واباشترە هەمووی بە کەپیتاڵ بنوسرێت.




4. دەبڵ کلیك لەسەر (NOFOLDEROPTIONS)دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکریتەوە ئینجا نرخەکەی دەکەین بە یەك.

پاشان کۆمپیتەرەکەت ریستارت بکە دەبینین کە (folder option) نەماوە لەناو هەریەکە لە (control panel) و (my computer).

5. هەروەها بۆ پیشاندانەوەی هەموو هەنگاوەکانی پێشو بکە بەڵام لەجیاتی یەك بنوسە سفر.



# مەبەست لە (web1.0 و web2.0 و web3.0) چییە؟!



## باوکی باوەڕ

■ هەرکەسێك بەجۆرێك لە web1.0 و web2.0 و web3.0 دەگات، هەندێك دەڵێن هەموو سایتەکانی web1.0و web2.0 کۆتاییان پێ هاتووە، بەڵام دەتوانێن بڵێین ئەم بۆچوونە دروست نییە، چونکە هەر وێبێك تایبەتمەندی و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە، هێشتا web1.0 ماوە و رۆژانەش سایتی جۆراوجۆر زیاد دەکرێت کە لەجۆری (web1.0 و web2.0)ن، کەواتە بابزانین هەریەك لەم سێ جۆر وێبە چین؟

### web1.0

web1.0سەرەتای ئینتەرنێتە. بیرمان دێت ئەو سایتانەی کە لە بەرایدا ئامادەکرابوون لەسەریان نووسرابوو Netscape, Geocities کە ئەوسا هەم سایتەکان ژمارەیان کەم بوو، هەمیش بەکاربەرانی ئینتەرنێت کەمینەبوون، خەڵکی و کۆمپانیاکان دەیانەوێت هەموو زانیارییە دیجیتاڵییەکان لەپەرتووك و رۆژنامەو هەواڵەکان و مۆسیقا و هەموو شتێکی تر بگۆڕدرێت بە نوسخەی دیجیتاڵی، کەواتە web1.0هێشتا ماوەو نەوەستاوە، چونکە ئەم دیاردەیە بەکۆتا نەهاتووە، بەردەوام بەدیار دەکەوێت و داتای نوێش دەبینرێت، کە ئەو داتایانە پێویستییان بە بڵاوکردنەوە هەیە. بۆ ئێمە مەبەست لە وێب گەڕانە بەدوای زانیاریەکان و خوێندنەوەیان، بۆ کۆمپانیا و دامەزراوەکانیش مەبەست ئەوەیە یان لەسەر ئینتەرنێت ئامادەبن، یاخود لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییەکاندابن، بۆیە دەتوانین بەم جۆرە بڵێن وێبی خوێندنەوە.

### web2.0

ئێستا دوای بڵاوبوونەوەی هەموو زانیاریەکان لەسەر ئینتەرنێت پێویستە ئەو زانیاریانە لەناوخۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکرێن و ئاوێتەی یەکتری بکرێن. جا لەبەر ئەوەی بواری گەشەپێدان لە رووی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر ئینتەرنێت کەم بۆتەوە، بۆیە بە web2.0 گەیشتین، کە بریتییە لەو شەپۆلەی ئێستا هەیە بۆ جوڵاندنی ئینەرنێت، کەواتە دوای بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان لەناو web1.0 بیرلەوە کراوە، زانیاریکانی ناوە web1.0 ئاڵوگۆڕبکرێن، ئەوسا لەسەرتاسەری جیهان ئەوەش بەهێند وەرگیرا کە ئەو ئاڵوگۆڕیە لەناو ئەو هەموو ئامرازە جۆراوجۆرە چۆن دەکرێت، چاکترین هۆکار سایتە کۆمەڵایەتییەکان بوون، کە ئەوسا لەحاڵەتی بەدیارکەوتندابوون، ئەمە جگە لەلاپەڕە تایبەتییەکان و گەیەنەری وێنەیی و ڤیدیۆیی، دواتر لەلایان ئەندامان بیرۆکەی دەوڵەمەندکردنی سایتێکی دیاریکراو هاتەگۆڕێ، لەوانە ئەندامانی فلیکر سایتێکیان دانا بۆ وەرگرتنی وێنەو ئەندامانی یوتوبیش سایتیان تەرخانکرد بۆ وەرگرتنی فیلم. پاش ئەم هەنگاوەش بیرۆکەی زیادکردنی وتاری بەپێز لەشوێن لاپەرە تایبەتییەکان، لەسەر ئەم جۆرە سایتانە پراکتیزە کرا. لە web2.0 ئەندامان بەرپرسن لە دەوڵەمەندکردنی سایتەکانیان بەزانیاری و داتاکان، کەیان لەرێگای زانیاریەکانی ناو سایتەکانی تر بەدەستیان دەکەوێت، یاخود لە رێگای نووسینی وتار لەلایەن خۆیانەوە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانرێت ئەو زانیاریانە لەگەڵ یەکتری بگۆڕنەوە، پاش ئەمەش بیر لە فراوانکردن کراوە و کۆمپانیاکان کەوتنە ناو خەیاڵی ئەوەی وتارەکان لەگەڵ یەکدا بگوازنەوەو پرسیاری ئەوەش کرا کە بۆچی تەکنیکی وەها دانەڕێژرێت کە بتوانێت بابەتەکان یەك جار لە زیاتر لە سایتێك بڵاوبکاتەوە و بەخێراییەکی زیاترو ئاسانتر کرداری ئاڵوگۆڕیەکە ئەنجام بدات، هەربۆیە کۆمپانیا گەورەکان پراکتیکی ترو کارگوزاری تری ئینتەرنێتیان داهێنا بۆ ئاوێتەکردنی داتاکان لەنێوان سایتەکان و ئاسانکردنی کرداری زیادکردنی وتارو وێنەو مۆسیقا..

### web3.0

بەدڵنیاییەوە ناسینی web3.0 کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لە رووی پێکهاتە و ئەرك و فەرماندا، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر ئینتەرنێت لەرێگای web1.0 و ئاڵوگۆڕکردنیشیان لەرێگای web2.0 و زیادکردنی وتارە تایبەتییەکانیش لەلایەن خەڵکییەوە.

زانیاریەکان گەلێك چڕو زۆر بوون، کارێکی قورسە کەچی بمانەوێت بەئاسانی و خێرایی بەدەستی بهێنن، کە هەندێك جار دەکەوێتە ناو دووبارە بوونەوەی هەزارەها جار، کەواتە دەبێت زانیاریەکان بەشێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووانە بەرەوپێش بەرین. لێرەدا دەبێت دەستبەرداری web2.0 بین و چارەسەری زانیاریەکان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە web3.0 داڕێژراوە، کە بەدڵنیاییەوە ئاسانکاری زۆر لەبواری رێکلامەکان و وتارەکان و زانیاریەکان و سێرچ دا کردووە، کە لەم سیستەمە هاریکاری لەنێوان چەندان سایت دادەبینرێت و زانیاریەکانیش ئاوێتەی یەکتری کراون، تاکو چاکترین خزمەت بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بگەیەنن. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین web3.0 بەشێوەکی گشتی بریتییە لەبەکارهێنانی ئەپڵیکەیشن لەناو سایتەکانی تۆڕی ئینتەرنێت.

# چۆن دەبیتە پرۆگرامسازێکی سەرکەوتوو؟

■ بێگومان هەموومان حەزدەکەین ببینە پرۆگرامساز لە نێو هەر زمانێکی پرۆگرامسازیدا، بەڵام پێویستە لەوەش دڵنیابین کە ئەم کارە زۆر سانا نییەو بە ئاسانی نایەتە ئاراوە چونکە وەك دەبینین زۆر لە پرۆگرامسازەکان دەیان ساڵیان لەبەردەم کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەیان بەسەر بردووە کەچی هێشتا خۆیان بە سەرەتایی دەزانن لە بواری پرۆگراسازیدا. ئەمەش وات لێنەکات ساردبیتەوە لە خۆ پێگەیاندنت بۆ گەیشتن بە کاری پرۆگرامسازی. من هەوڵدەدەم لێرەدا هەندێك شت باس بەم تاکو بەرەو کاری پرۆگرامسازی برۆیت و سەرکەوتوو بیت.

هەوڵ بدە دەست بکە بە خوێندنەوەی کتێب هەر کتێبێکی سەرەتایت بە دەست گەیشت لەبارەی هەر زمانێکی پرۆگرامسازی وەکو ڤیژوەڵ بەیسك و سی پلەس پلەس و...هتد، زۆر بە ووردی بیخوێنەرەوە تاکو بتوانیت سەرەتایەك لە بارەی ئەم زمانەوە بزانیت. هەوڵبدە ئەو نمونانەی لە نێو کتێبەکە هەیە بۆ خۆت دووبارەیان بکەرەوە بەڵام بەهیچ جۆرێك هەوڵی ئەوە مەدە کۆدەکان لەبەربکەیت بەڵکو هەوڵ بدە لێیان تێبگەیت. یاخود هەوڵ بدە خۆت بنوسیت و مەرج نیە وەك هەمان کۆدی نێو کتێبەکە بێت. یاخود لەو سایتە بێ شومارانەی تایبەتن بە زمانەکانی پرۆگرامسازی، نمونە وەربگرەو لای خۆت تاقیان بکەرەوە..

لەسەرەتادا دەبێت بنەماکانی زمانەکانی پرۆگرامسازی بزانیت. دوای ئەوە پێویستە بەرەو پێش بچیت بەوەندە مەوەستە تەنها کاری کۆکردنەوەو لێدەرکردن بزانیت بەڵکو لە قۆناغی دووهەمدا دەبێت هەوڵ بدەیت روو لە Active X و بەرمەجە کردنی داتابەیس بکەیت و لە رووکارەکانی جێبەجێ کردن (API) تێ بگەیت. لێرەدا پێویستە روو لە کتێبە پێشکەوتووەکانی زمانەکانی پرۆگرامسازی بکەیت.

زۆر سەردانی یانەکان بکە چونکە لەوێ پرسیارو وەڵامی زۆری تێدایەو هەر کارێکت لا روون نەبوو دەتوانیت لە یانەکاندا پرسیار بکەیت و وەڵامەکە وەربگریت. ئەگەر پرسیارێکت بینی و هەستت کرد دەتوانی وەڵامی بدەیتەوە زوو وەڵامی بدەرەوە زۆر زیاتر سوود لە وەڵامدانەوەکە وردەگریت وەك لەوەی تەنها سەیری وەڵام و پرسیارەکانی کەسانی تر دەکەیت. ئەم کارەش بە چەند رۆژو مانگێك ناکرێت پێویستە زۆر بە ئارامی و خوێن ساردی کارەکان بکەیت و بێ تاقەتی و بێزاری هەر بیری لێنەکەیتەوە . چونکە ئەوە بزانە تۆ خۆت ئامادەکردووە شتێك فێر بێت زۆر جیاوازە لەوانی تر دەتەوەێ لە کارێك سەرکەوتوو بیت کە زۆر جیاوازە لە هەموو بوارەکانەوە لە ماندوو بونت لە بیرکردنەوەت لە شەونخونیت لە بەرنامەکانی پێشتر کە فێربوویت چونکە ئەوە بزانە کە ئێستا تۆ بەرنامە دادەنێت نەك لەسەر بەرنامەیەکی دانراو مەشق بکەیت..

ئەگەر توانیت لە بوارە پێشکەوتوەکانی زمانەکانی پرۆگرامسازی سەربکەویت وەك لە پێشەوە باسمان کرد ئەوا تۆ پرۆگرامسازێکی سەرکەوتوویت. دڵت خۆش نەبێت و بڵێی ئیتر تەواو، نا بەپێچەوانەوە هێشتا زۆر ماوەو رێگات دوورە و عارەقەی ناوچەوانت مەسڕە لە کۆتای کەسانی تر بە مەمنونی بۆت ئەسڕن. بۆیە جانتاکەت دامەنێ هێشتا بەرنامەی تر ماوە تۆ خۆت فێر بکەیت لەوانە کە پێویستە سەریان لێدەربکەیت بەرنامەکانی وەك C++ و Delphi و زۆری تر چاوەرێت دەکەن . لێرەدا تۆش مەچۆرە ناو ئەو گێژاوەو جەنگە سەیرەی کە دەوترێ ئەرێ کام زمانە لە هەموویان باشترە بۆ پرۆگرامسازی . نا دەبێت هەر شتێکت ویست بە هەر زمانێك لەو زمانانە ویستت بەرنامەکەی خۆتی پێ دروست بکەیت. ئەو قسەو باسانەی کە لە بارەی باشترین زمان بۆ پرۆگرامسازی دەکرێت تەنها کات بە فیرۆ دانەو هیچی تر. ئەوە بزانە هەر یەك لەو زمانانە بۆ کارێك زۆر ئاسانەو بۆ کارێکی تر بە ئاسانی نایەتە دی. پێویستە نیشانەی لاوازی و بەهێزی هەر یەك لەو زمانانە بزانیت. کاتێك کارێك دەکەیت دەزانیت ئەو کارە بەو زمانە زۆر لاواز دەردەچێت هەوڵبدە بدەی لە دەرگای زمانێکی تر و بەو دروستی بکە. بە زانینی زیاتر لە زمانێك بۆ پرۆگرامسازی وات لێدەکات بیرت فراوان بێت و ئەوەی دەتەوێت زۆر بە ئاسانی دەستت بکەوێت..

# تازەترین مۆبایلەکانی جیهان

Palm Treo 800W



بەرواری دەرچوونی 14/7/2008وتایبەتمەندیەکانی: GPS و Wi-Fiو ویندۆزی مۆبایل 6.1 ی لەسەرە کامێراو بلۆتوسی لەگەڵە. کاتی قسەکردنی تەنها 270 خولەکە.

HTC Diamond



لە مانگی شەشی ئەمساڵ دەرچوە و ویندۆز مۆبایلی تێدایە. لە شێوەی ئەڵماسدایەو کامێرای لەگەڵە و بلوتوسی هەیە و GPRS تێدایە.

Samsung Instinct/ Samsung F480



لە 22/5/2008 بڵاو کراوەتەوە. کامێراکەی 2 مێگا پیکسڵەو بلوتوس و GPS ە.

Apple Iphone 3G



لە 11/7/2008 کەوتۆتە بازارەوە و 3Gەو کامێرای هەیەو بلوتوسی تێدایە.

Samsung Omnia



تایبەتمەندیەکانی: SGH- i900, 8 GB/ 16 GB

Motorola Moto A 810



تایبەتمەندیەکانی: GPRS, Edge, USB

کاتی قسەکردن: 5.2 کاتژمێر، لە لەمس کاردەکات. کامێرایەکی 2 مێگا پێکسڵی تێدایە. رادیۆی FMی تێدایەو، MP3 پلەیەریشی تێدایە.

OPEN

# شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان و پیس بوونی ژینگە

## بەڕێوەبەری نووسین

■ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی نوێ کە زۆربەیان بۆ خۆشگوزەرانی و سوودی ئادەمیزادن، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەرهەمی ئەم تەکنۆلۆژیایە بوون بە یەکێك لە سەرچاوەکانی پیس بوونی ژینگەو ژیانی ئادەمیزادی خستۆتە مەترسیەوە لە رێگەی ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسیانەی بەرهەمی دەهێنن لەکاتی کارکردنیان کە مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام رۆژانە لە ماڵ و شوێنی کارو شەقامەکان رووبەرووی ئەو شەپۆڵ و تیشکانە دەبێتەوە بە شێوەی جیاجیا.

هەندێك لەو شەپۆلانە لە ئەنجامی تۆڕی گواستنەوەی هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆ بەرزەوە دەردەدرێن یاخود لە رێگەی تاوەرەکانی پەخشی مۆبایل و تەلەفزیۆن و رادیۆو ئامێرە بێ تەلەکان و مانگە دەستکردەکان، و هەندێکی تریش لەرێگەی ئامێرەکانی ناوماڵ وەکو تەلەفزیۆن و فڕنی مایکرۆوەیڤ یاخود لە رێگەی ئامێرە پزیشکیەکانی ناو نەخۆشخانەو ئامێرەکانی ناو کارگەکان و .. هتد دەردەرێن.

کاتێك رێژەی ئەم شەپۆلانە لە سنوری سەلامەتی دەرچوو یاخود بە شێوەیەکی دروست بەکارنەهات ئەوا ئەم شەپۆلە کاروموگناتیسیانە دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگەو کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ژیان و تەندروستی مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ. دەبێتە هۆی تێکدانی فرمانەکانی کۆئەندامی دەمارو دڵ و خوێنبەرەکان و هەستی بینین و کۆئەندامی زاوزێ چەندینی تر، تا ئێستاش دەیان توێژینەوەی زانستی جیهانی لەو بارەیەوە ئەنجام دراون، زۆربەی جار کاریگەری شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان یەکسەر دەرناکەون بەڵکو کاریگەریەکان هەموو لەسەر یەك کۆدەبێتەوەو بە تێپەڕبوونی کات دەردەکەون و بە گوێرەی تەمەنیش رێژەی کاریگەرییەکان دەگۆڕێت واتا کاریگەریان لەسەر منداڵان زیاترە، کێشەکە لێرەدایە کە ئەو پیس بوونە مرۆڤ بە هەستەکانی هەستی پێ ناکات بەڵکو زۆرجار کاریگەریەکان بە شێوەی سەرئێشەو لەبیرچوونەوەو لە دەستدانی هاوسەنگی و دابەزینی پاڵەپەستۆی خوێن و هێواشی لێدانی دڵ و چەندین نیشانەی تر دەردەکەون.

دیارە ناتوانرێت کاریگەری ئەم شەپۆلانە لە دەوروبەرمانە نەهێڵین بە یەکجاری، بەڵکو دەتوانرێت لە رێگەی گرتنەبەری رێ و شوێنی دروست و پابەندبوون بە ستانداردی جیهانی بۆ رێکخستنی لەرەلەرەکان و گوێڕایەڵی رێنماییەکان کاریگەرییان کەم بکرێتەوە، لێرەدا هەندێکیان بە نموونە باس دەکەین:

1- دوورخستنەوەی تاوەرو تۆڕی گواستنەوەی کارەبای پاڵەپەستۆ بەرز لە ناوچە نشینگەکان واتە ئەو شوێنانەی کە خەڵکی تێدا دەژیت.

2- پابەندبوون بە رێنماییە جیهانیەکانی وەکو رێکخراوی ITU و ئەوانی تر بۆ دامەزراندن و دابەشکردنی تاوەرەکانی مۆبایل لەناو شارو دەروروبەری شار.

3- پابەندبوون بە رێنماییەکانی چۆنیەتی دامەزراندن و پەخش کردنی کەناڵە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکان و پەخش کردن بەو لەرەلەرانەی کە لە دونیادا رێگە پێدراون و دانانی فلتەری پێویست بۆ ئامێرەکانی پەخش.

4- پابەندبوون بە رێنماییەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێرە بێ تەلەکان.

5- پابەندبوون بە رێنماییەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ناوماڵ وەکو تەلەفزیۆن و فڕنی مایکرۆوەیڤ و گەسکی کارەبایی .. هتد.

6- نزیك نەکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە ترسی بوونی زۆری شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانی تێدا هەیە و، گرتنەبەری رێوشوێنی سەلامەتی لەکاتی پێویست بوون لە نزیك کەوتنەوە لەو شوێنانە.

دیارە رێکخستن و دابەش کردنی لەرەلەرەکان لە هەر وڵاتێك پێویستی بە دام و دەزگای تایبەت هەیە کە بە پێی رێنماییە جیهانیەکان مۆڵەت دەدات بەو کۆمپانیاو کەس و لایەنانەی کە لە بواری گەیاندن و راگەیاندنی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی کاردەکەن.

بۆیە بوونی بەڕێوەبەرایەتیەك یاخود دەستەو دەزگایەکی تایبەت بەم بوارە بە پێویست دەزانم لە کوردستان.

www.c4kurd.com

# جیهانی لینۆکس - بەشی یەکەم -

توانا ئیسماعیل
twana@twanait.com

له بابەتی پێشودا باسی مێژووی لینۆکسمان کرد. باسی یەکە بە یەکەی ئەو قۆناغانەشمان کرد کە لینۆکس و یونیکس پێیدا تێپەڕبوون. باسی ئەو هۆکارانەشمان کرد کە خۆڕاگری و بەهێزیان بە سیستەمی لینۆکس بەخشی.

لێرەدا دێین باسی چەند لایەن و تایبەتمەندیەکی لینۆکس دەکەین:


**1. چۆن وشەی لینۆکس دەردەبڕدرێت:**

چۆنیەتی دەربڕینی لینۆکس خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە چونکە هەرکەسێك و هەر نەتەوەیەك بە جۆرێك دەریدەبڕێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لینۆکس خۆی هەڵساوە بە تۆمارکردنی دەنگی خۆی کە چۆن لینۆکس دەردەبڕدرێت. لەم لینکەی خوارەوە:
SUSEROOT.COM/ABOUT-SUSE-LINUX/HOW-DO-YOU-PRONOUNCE-LINUX.PHP
بە فایلێکی دەنگی داینـاوە کە قەبارەکەی نزیکەی 40 کیلۆبایت دەبێت. بۆ ئەوەی خەڵکی دایبەزێنن و گوێی لێ بگرن بزانن وشەی لینۆکس چۆن دەردەبڕدرێت. لەوێدا لینۆکس بە دەنگی خۆی دەڵێت:
Hello، this is Linus Torvalds، I pronounce «Linux» as «Linux».
سڵاو، ئەوە منم لینۆس تۆرفاڵدز، من لینۆکس دەردەبڕم بە لینۆکس
ئەوەیان شێوازە ڕاست و دروستەکەی دەربڕینی لینۆکسە. لە ڕاستیدا زۆرێك لە شارەزایان لینۆکس وا دەردەبڕن (Lee nex) لینیکس بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ شێوازە ڕاستەقینەکەی بزانی.

**2. لینۆکس چییە بە تەواوەتی؟**

ئەگەر بێین بە شێوەیەکی گشتی لە لینۆکس بدوێین ئەوا لینۆکس سیستەمێکی کارپێکردنە وەك ویندۆز و سیتەمەکانی تر وایە بەڵام بۆ تایبەتمەندان و شارەزایانی لینۆکس ئەوا لینۆکس مانایەکی تایبەتری هەیە ئەویش واتە کێرنەڵ. با بزانین کێرنەڵ چییە؟

کێرنەڵ ئەو بەشەیە کە لە نزمترین ئاستی سیستەمی بەکارخستن کار دەکات. ڕێگە دەدات بە پەیوەندیکردن و کارلێك کردنی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر لەگەڵ سەرچاوە هاردوێریەکانی کۆمپیوتەر (پارچەکانی کۆمپیوتەر). یان دەتوانین بڵێین




کێرنەڵ بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی سیستەمەکە بە گشتی هەردوو بەشی هاردوێر و سۆفت وێر بەڕێوەدەبات.

ئەو کێرنەڵە مافی خاوەندارێتی (Copy Right)ی لینۆکسە. ڕیگەی بە هەموو کەسێك داوە بۆ هەر مەبەستێك بەکاری بێنێت.

1.Kernal Environment: ئەو ژینگەیەی بەکاربەر (User) لەگەڵیدا مامەڵە دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە سیستەمەکە. ئەو ژینگەیەش بە شێوەی Graghical ە. وەك gnome و kde. یان بە شێوەی کۆماندلاینە Command Line Interface ە.

2.File Structure: بەرپرسی بەڕێوەبردنی پێکهاتەی فایلەکانی سیستەمەکەیە.

3.Programs Package: کۆمەڵێك بەرنامەی جیاوازن جا بەرهەمەکانی FSF بن (کە لە ڕابردوودا باسمان کرد) یان بەرهەمی کۆمپانیاکانی تری تایبەت بە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی لینۆکس بن.

4. کار پێکردن و بەڕێوەبردنی سیستەمەکە:

دەتوانین سیستەمی لینۆکس بە دوو شێواز کار پێبکەین:

أ- Cmd line: وەك لە پێشوودا باسمان کرد ئەو جۆرە کار پێکردنە بە هۆی نووسینی command line ئەنجام دەدرێت بە Consul ناو دەبرێت. شاشەیەکی ڕەش لە بەرامبەردا دەبێت بە هۆی نووسینی کۆماندەکان کردارەکان ئەنجام دەدەیت.

هەرچەندە ئەم شێوازە کۆنترە بەڵام باشترە لە شێوازی دووهەم.

ب- GUI/ کورتکراوەی Graphical User Interfaice لەم شێوازەدا



کۆنترۆڵی کردارەکان بە ئایکۆن دەکرێت واتە بەکاربەر (user) تەنها بەشە گرافیکیەکەی سیستەمەکە دەبینێت کە لە بنەڕەتدا تێکهەڵکێش کراوە لەگەڵ کۆماندەکانی سیستەمەکە. دەکرێت ئەو جۆرەیان بە ویندۆز بچوێنین چونکە لە ویندۆزیشدا کردارەکان بە هۆی ئایکۆنەکانیەوە ئەنجام دەدرێن.


شێوازی دووهەم نوێترە لە یەکەم بەڵام شێوازی یەکەم کە CLIە باشترە چونکە ئەو کەسانەی خۆیان فێردەکەن و ڕادێنن لەسەر GUI ئەوا ناتوانن هەموو کردارێك ئەنجام بدەن و هەموو شتێکیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، هەندێك لە کردارەکان کە Administrator بەڕێوەبەر پێویستی پێدەبێت دانەنراوە ئەو کات بەڕێوەبەر ناچار دەبێت پابەند بێت بەو کردارە دیاریکراوانەی لە GUI بۆی دابین کراوە و ناتوانێت شتگەلێك ئەنجام بدات لە ڕووکارە گرافیکیەکەدا نەبێت. پشت بە خوا لە بابەتەکانی داهاتوودا زیاتر لەسەر لینۆکس دەدوێین.

# چۆن لە فۆتۆشۆپ نوسینێکی هەڵ کەندراو دروست دەکەیت؟


یەکێك لەو کارە جوانانەی کە بەهۆی جیهانی بەرنامەی فۆتۆشۆپەوە دەکرێت دەستکاری کردن و کارکردنە لەسەر نووسین. ئەوەی ئێستا باسی لێوە دەکەین چۆنیەتی نوسینێکە کە لەسەر باکگراوندێك بینووسن و وەکو نووسینێکی هەڵکەندراو دیار بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکەیت و نووسینێکی جوانی نمونەی دروست بکەیت.

سەرەتا بەرنامەی فۆتۆشۆپ بکەرەوە و ئێمە کار لەسەر فۆتۆشۆپی سی ئێس تو دەکەین بەڵام ئەو کارەی کە ئێمە دەیکەین جیاوازیەکی نییە لەنێوان ڤێرژنەکان.

دوای ئەوە لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە ئەویش بە کلیك کردن لەسەر File و دوای ئەوە New ئەم ڕوکارەت بۆ




دەردەچێت:



لەبەشی new تەنها دەستکاری ئەو بەشەکانە بکە لە نێو ئەو چوار گۆشەیەدایەو Width و Height بکە لە 400 پێکسڵ و Resolution بکە بە 200 ئەوکات کلیك لەسەر OK بکەو ڕوکارێکی سپیت بۆ دروست دەبێت. دوای ئەوە باکگراوندەکەی بگۆرە. ئەویش بە کلیك کرد لەسەر بەشی ڕەنگەکان لەسەر ئەو تۆڵە درێژەی کە هەیە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:

کلیك لەو چوار گۆشەیە بکە بۆ هەڵبژاردنی هەر ڕەنگێك بێت ئەو کات



لەسەر هەمان تولبار کلیك بکە لەسەر Paint Bucket Tool کە ئەمە ئایکۆنەکەیەتی :

کلیك لەسەری بکەو دوای ئەوە کلیك لەسەر ئەو فایلە نوێیە بکە کە باکگراوندەکەی سپییەو دەبێتە ئەو ڕەنگەی کە هەڵتبژاردووە. لەبەشی Layer کە بەدەست نان بە دوگمەی F7 ڕوکاری لەیەرەکان دەردەکەوێت و سەیر دەکەیت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لێرەدا تەنها یەك لەیەرمان هەیە و





ناوی Backgroundەو ئێمە کلیکی لای ڕاست دەکەین لەسەری ئەو ڕوکارەمان بۆ دەردەچێت کە لە وێنەکەی سەرەوە دیارەو ئەوکات کلیك لەسەر Duplicate Layer بکەو سەیر دەکەین ئەم ڕوکارە دێت:


لێرەدا تەنها کلیك لەسەر ئۆکەی بکەو





ئەوکات لەیەرێکی ترمان بۆ دروست دەکات وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە:




دوای ئەوە لەسەر ئەو لەیەرە تازەیە کلیکی لای ڕاست بکەو Blending Options هەڵبژێرە هەروەکو چۆن لەم وێنەیەدا روون بۆتەوە:





دوای ئەوەی کلیکت کرد ئەم ڕوکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:





لەم ڕوکارەدا کارمان زۆرە، یەکەمجار وەکو لە وێنەکەدا ژمارەیەکمان لیداوە لە چوار گۆشەکە نیشانەی سەح لێ دەدەیـن و دوای ئەوە کلیك لەسەر Bevel and Emboss دەکەین و لەلای ڕاست ڕوکارێکمان بۆ دەدەچێت و لە شوێنی ژمارە 3 کە نوسراوە Depth ژمارەکەی دەکەینە 81 و لە خوارەوەش Size دەکەین بە 1 و ئەوکات کلیك لەسەر ئۆکەی دەکەین.

دوای ئەو کارە هەوڵ دەدەین نوسینەکەمان بنووسین. بەڵام نوسینەکەمان کەمێك جیاوازترە لە نوسینی ئاسایی، ئەویش زۆر ئاسانەو ئەویش لە تولبارەکە کە پیتی T نوسراوە ئێمە کلیك لەسەری دەکەین و ماوەیەك بەری نادەین تاکو ئەم ڕوکارە دەردەکەوێت:




لێرەدا سێهەم دانەیان هەڵدەبژێرین و ئەوکات ئەو نوسینە بنوسە کە دەتەویت دەستکاری بکەیت، بۆ نمونە ئیمە دەنوسین سی فۆر کورد. بەڵام ئاگاداربە کاتێك دەتەوێت بنوسیت ئەوە شوێنی نوسینەکە هەموو دەبێتە پرتەقاڵیەکی کاڵ و ئەوکات تۆ نوسینەکەت بنووسە.



دوای ئەوە کلیك لەسەر Move tool بکە لەسەر تولبارەکە کە ئەمە وێنەکەیەتی:

دوای ئەوە سەیر دەکەین نوسینەکە بە شێوەیەکی دەستنیشانکراو نوسراوە وەکو ئەم وێنەیە:





دوای ئەمە کارێکی زۆر ئاسانمان ماوە ئەویش تەنها دەستنان بە سەر دوگمەی Ctrl و ئەو نوسینە هەڵبگرەو لە شوێنێکی تر دای بنێ کە کەمێك دوور بێت لە شوێنی ئەمەوە. سەیر دەکەین نوسینەکە بە هەڵکەندراوی دەردەچێت وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




بەم شێوەیە کارەکەمان کۆتایی کە نوسینەکەمان بەشێوەیەکی هەڵکەندراو دەردەکەوێت. ئەم کارە دەتوانیت لەسەر وێنەش بکەیت و نوسینەکە لەسەر وێنەکە بەشێوەیەکی هەڵکەندراو دەربکەوێت.


## گرنگترین 50 کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بواری ئینتەرنێت لە جیهاندا -٦-

37- John Hinderaker, Scott Johnson, and Paul Mirengoff
نووسەری PowerLine



***

38-Vinton G. Cerf



Chairman, ICANN Board of Directors, and vice president and chief Internet evangelist, Google

***

39-Tim O'Reilly



دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری گشتی O'Reilly Media

***

40-Drew Curtis



دامەزرێنەری Fark.com

***


41-Gabe Rivera



بونیات نەری Techmeme

***

42-Dave Winer



دامەزرێنەر ونووسەری RSS Scripting News

***

43-Mike Schroepfer



ئەندازیارو جێگری سەرۆکی Mozilla

www.c4kurd.com

# بە ئاسانترین ڕێگە جوانترین سکرین سەیڤەر بۆ خۆت دروست بکە


هەردەوان نەقشبەندی

■ وەك هەموومان دەزانین لەناو هەموو سیستەمەکانی ویندۆز (Screensaver) هەیە و ڕەنگە زۆربەشمان بەکارمان هێنابێت. بەڵام لەوانەیە تا ئێستا بە خەیاڵی هیچ کەسێکماندا نەهاتبێت کە ئەم پرۆگرامە سودی چییە و بۆچی لەناو هەموو سیستمێکی ویندۆزیشدا هەیە؟ جا بۆ ئەو مەبەستە من بە باشمزانی کە لەم بابەتەدا پێناسەیەکی کورتی سکرین سەیڤەرتان بۆ بکەم پاشان باس لەچۆنیەتی دورستکردنی سکرین سەیڤەرێکی جوان بکەم بە ئاسانترین شێوە، بە پشت بەستن بەپرۆگرامی (2D+3D Screensaver Maker).


(Screensaver)سکرین سەیڤەر وشە ئینگلیزییەکەیە و بەواتای (پارێزەری شاشە)دێت لەزمانی کوردیدا، کەواتە هەر لە ماناکەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە سکرین سەیڤەر بەرنامەیەکە بۆ پاریزگارکردنی شاشەی کۆمپیوتەر، ڕەنگە لێرەدا بپرسن سکرین سەیڤەر شاشەی کۆمپیوتەر لەچی دەپارێزێت؟ لەڕاستیدا هەموو شاشەیەکی کۆمپیوتەر لە ماددەییەکی فسفۆری دروستکراوە و بۆیە ئەگەر بێتو بۆ ماوەیەکی زۆر شاشەی کۆمپیوتەر تەنها ڕەنگێك یاخود وێنەیەکی لەسەر بێت ئەوا پاش ماوەیەك ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگەکانی ئەو شایەشە بەرەو گۆڕان و تێکچون دەڕوات و دواجاریش شاشەکە بەتەواوی تێکدەچێت، هەرچەندە لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێن کە ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا زۆر دەگمەن ڕودەدات بەهۆی نەبونی کارەباوە، بۆیە زیاتر ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئەوروپا هەیە چونکە لەوێ کارەبا بەردەوام هەیە و جگە لەوەش ئەوان زۆر بەکەمی کۆمپیوتەرەکانیان شەتداون دەکەن بەڵکو بەردەوام کۆمپیوتەرەکانیان بە کراوەیی جێدێڵن، جا بۆ پارێزگاری کردنی شاشەی کۆمپیوتەرەکانیان لەتێکچوون کەڵك لە سکرین سەیڤەر وەردەگرن کە لەناو هەموو سیستمێکی کارپێکردنی ویندۆزدا هەیە.

وەك ئاشکرایە لەناو سیستمی ویندۆز چەندین سکرین سەیڤەری جۆراو جۆر هەیە، بەڵام ڕەنگە بەلامانە و زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش نەبن، جا بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا من پرۆگرامی (2D+3D Screensaver Maker) پێ ئاشنا دەکەم کە پرۆگرامێکی زۆرباش و سەرکەوتوو و ئاسانە بۆ دروستکردنی سکرین سەیڤەرێکی جوان، سەرەتا دەتوانن پرۆگرامەکە لەم لینکە دابگرن بە خۆرایی و بێ بەرامبەر
khwlapeza.ueuo.com/screensav-ermaker.htm


پاش داگرتنی بەرنامەکە و دامەزراندنی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، پرۆگرامەکە دەکەینەوە کە ئایکۆنەکەی بەم شێوەیە:





پاشکردنەوەی پرۆگرامەکە، ڕوکاری سەرەکی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە چەند بەشێك پێکهاتووە:





کلیك لەسەر ئەو بەشە دەکەین کەنووسراوە (3D Saver) پاشان لەخوارەوە چەند وێنەمان بوێت لەناو سکرین سەیڤەرەکە هەبێت زیادی دەکەین بەکلیك کردن لەسەر ئەو بەشەی کەنووسراوە (Add picture).




پاش هەڵبژاردنی وێنەکان، ئەگەر بمانەوێت گۆرانییەکیش بەویستی خۆمان لەگەڵ سکرین سەیڤەرەکە دابنێن ئەوا لە بەشی سەرەوە کلیك لەسەر (Add Music) دەکەین و گۆرانییەك بەویستی خۆمان هەڵدەبژرێن، بەڵام مەرجە گۆرانییەکە بە فۆرماتی (mp3 یان wav یان mdi) بێت. دوای ئەوەی وێنەکان و گۆرانیمان ئادد کرد ئێستا ماوەتەوە شێوازێکی جوان بۆ سکرین سەیڤەرەکەمان هەڵبژێرین، لەم پرۆگرامەدا چەندین شێوەی ئامادەکراو هەیە بۆ دیزانی سکرین سەیڤەر، ئەوەی لەسەر ئێمەیە تەنها هەڵبژاردنی یەکێکە لەو دیزانە ئامادەکراوانە بەخواستی خۆمان، بۆ هەڵبژاردنی دیزانە ئامادەکراوەکان کلیك لەسەر (Screensaver scene) دەکەین و یەکێك لەو دیزانە ئامادەکراوانە هەڵدەبژێرین.




بۆ بینین و تێست کردنی سکرین سەیڤەرەکەمان لەبەشی خوارەوە و لەلای ڕاست کلیك لەسەر (Preview/test designed screensaver) دەکەین، ئەگەر هەر شتێکمان بەدڵ نەبوو دەتوانین بیگۆڕین.





جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین لەم پرۆگرامەدا سەرەڕای ئەوەی دەتوانی وێنە زیاد بکەین لە دروستکردنی سکرین سەیڤەرەکەمان دەشتوانین فایلی ڤیدیۆ و فلاش بەهەمان شێوەی وێنە بەکار بهێنین لە دیزانی سکرین سەیڤەرەکەمان، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر ئەو دووبەشەی کە لەبەشی سەرەوەی پرۆگرامەکە دانراوە، کە هەر لە وێنەکانیانەوە دیارە کە تایبەتن بە فایلی فلاش و فایلی ڤیدیۆ، پاش کلیك کردن لەسەر هەر یەکێکیان ئیتر دەتوانی بە ویستی خۆت فایلی فلاش یان ڤیدیۆ ئاد بکەیت بۆ سکرین سەیڤەرەکەت.

پاش تەواو کردنی دیزانی سکرین سەیڤەرەکە ئەوەی کە دەمێنێتەوە پاشەکەوت کردن و خەزنکردنی کردنی سەیڤەرەکەیە بە شێوازی فایلی ئەپلیکەیشن واتە(exe)، بۆ ئەنجامدانی ئەمکارەش لەبەشی خوارەوەی پرۆگرامەکە کلیك لەسەر ( ) دەکەین، وەك لەم وێنەیەدا دیارە:



پاشان ویندۆیەکمان بۆ دەکرێتەوە و کە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، ئێمەش ئەو بەشانە پڕ دەکەینەوە وەك لە وێنەی خوارەوەدا دیارە:




لەبەرامبەر (Author/company): ناوی خۆت یان کۆمپانیاکەت دەنووسی

لەبەرامبەر (Web-site): ناوی سایتەکەت دەنووسی (دەشتوانی هیچ نەنووسیت)

لەبەرامبەر (E-mail): ناوی ئیمەیڵەکەت دەنووسی (دەشتوانی هیچ نەنووسیت)

لەبەرامبەر (Screensaver title): ناوێك بۆ سکرین سەیڤەرەکە دەنووسی

لەناو بۆشایی (Installer output di-rectory) شوێنێك دەستنیشان دەکەیت بۆ ئەوەی کارەکەی تێدا خەزن بکرێت، پاش دەست نیشانکردنی ئەو بەشانە لەخوارەوە کلیك لەسەر (Create) دەکەیت و پاش کەمێك چاوەڕوانی ، لەو جێگایەی کە دەست نیشانت کردبوو سکرین سەیڤەرەکە دروست دەبێت و تۆش دەتوانی یەکسەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت سێتاپی بکەین، یان دەتوانی وەکو دیاری بدەیتە هاوڕێیان و دۆستانت.

# بیڵ گێتس ... ئەفسانەی جیهانی کۆمپیوتەر

دەرسیم عەبدولقادر سنجاوی

■ زۆرمان یان هەموومان دەزانین (بیڵ گیتس) کێیە بەڵام لەوانەیە شتی سەرەتایی لەبارەوە بزانین، لەم نوسینەدا هەڵ دەدەم بەوردی دەربارەی ئەم کەسایەتیە ناودارەبزانین.

کاتێك ژیانی کەسایەتیەکی ناودار لەهەر بوارێك لەبوارەکانی ژیان دەخوێنینەوە دەتوانین سود لە ئەزمونی ئەو کەسایەتیە وەربگرین بۆ ژیانی خۆمان، بێگومان (بیڵ گیتس) ئەستێرەیەکی گەشاوەیە لە ئاسمانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کە هەر کاتێك کۆمپیوتەرەکانمان داگیرسێنین سەرەتا ناوی کۆمپانیاکەی ئەومان دەکەوێتە بەرچاو. بۆیە ئاشنابوون بە ژیانی ئەو کەسایەتیەم بە پێویست زانی بۆئەوەی کە خەڵك زۆرتر لەبارەیەوە بزانن، بەو هیوایەم بتوانم مەبەستی سەرەکی بپێکم.

(بیل گیتس) لە 28 /10 / 1955 لە (سیاتل) لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاتیتە سەر دونیا، لەخێزانەکی دەوڵەمەند بوە ئەویش میراتی داپیری بوە کە کاتی خۆی جێگری سەرۆکی بانکی نیشتیمانی بوە لە ئەمریکا.

بابی بیل گیتس ناوی (ولیام) پارێزەرێکی زیرەك بوە وە هەروە ها دایکی (ماری) مامۆستا بوە کاری مامۆستایەتی کردوە .

(بیل گیتس) هەر لەمنداڵیەوە تاکو گەورەش بوو کاتی خۆی بەفیرۆ نەدەدات وەیان حەزی لەتەمبەڵی نەدەکرد، یەکێك لەهاوەلەکانی لەبارەی وی دەڵێت بیل گیتس کەسێکی زیرەك بووە هەر لەمنداڵییەوە خاوەنی هزرێکی باش بوە وە دەڵێت لە تەمەنی (9) ساڵی کاتێك قسەی دەکر وەکو ئەوە وابوو کە گەورەیەك قسەدەکات، و زۆری حەز بە وەرزش دەکرد بەتایبەت مەلەوانی.

(بیڵ گێتس) زۆر زیرەك بووە لە بواری (ماتماتیك و زانست) دا هەر لەبەر ئەمەش باوکی ناردیە قوتابخانەی (سایـد) ی نمونەیی ناوەندی، لە ساڵی (1968) مامۆستای وی بڕیاریدا کۆمپیوتەرکی بۆ بکڕێت، ئەو لە تەمەنی (13) ساڵیدا زۆر گرنگی بەکۆمپیوتەر دەدا لەگەڵ دوو لە هاوەڵانی. (کانت ئیڤانس، پوڵ ئالن)، ئەوانە 3 قوتابی بوون زۆر گرنگیان بە کۆمپیوتەر دەدا، و کاتی خۆیان زۆربەی بەکۆمپیوتەر تەرخان کردبوو تەنانەت زیاتر لەمامۆستایەکانی خۆیان لە کۆمپیوتەر زیرەك بوون.



لەتەمەنی (14) ساڵیدا یەکەم بەرنامەی دروست کرد ئەویش بریتی بوو لە یاریەك کە بەزمانی (بیسك) دروستی کردبوو.

لەساڵی (1969) (بیڵ گیتس لەگەل هاورێیەکەی پوڵ ئالن) کۆمپانیایەکی دامەزراند بۆ بەرنامەی کۆمپیوتەری، پاش دەرچونی بیڵ گیتس لە قوتابخانەی ئامادەیی وابیری دەکرد کە لە باشترین زانکۆ لە ئەمریکا وەر بگیرێت ئەمەش هاتەدی کاتێك لە زانکۆی (هارڤرد) وەرگیرا.

رۆژێك لەرۆژان (پوڵ ئالن) دەچوە سەردانی (بیڵ گیتس) لەرێگادا گۆڤارێکی بینی وێنەی کۆمپیوتەرەکی لەسەر بوو ئەوان وتیان ئێستا سەردەمی کۆمپیوتەرە بۆیە هەردووك بیریان لەوە کردەوە کە بەرنامەی کۆمپیوتەر دروست بکەن، پەیوەندیان بە کۆمپانیایەکی کۆمپیوتەر کرد بۆئەوەی بەرنامەیان بۆ دروست بکەن، کۆمپانیاکە داوای دروست کردنی دوو بەرنامەی کرد بەماوەی 8 حەفتە هەردوو بەرنامەیان تەواوکرد، بەڵێ ئەمەبوو رێگای خۆش کرد بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای ( مایکرۆ سۆفت ).

بیڵ گیتس و پوڵ ئالن بڕیاریاندا کە شوێنی کۆمپانیایەکەی خۆیان بگۆڕن بۆ شوێنێکی گەورەو فراوانتر، لەو کاتە کۆمپانیاکە ژمارەی فەرمان بەرەکانی گەیشتە (13) فەرمانبەر کە نزیکەی 1ملیۆن دۆلار یان قازانج کردبوو، لەگەڵ ئەو زیرەکییەی بیڵ گێتس لەکارەکانیدا بەڵام زۆر جار هەندێك کێشەی هەبوو کاتێك ستافی کارەکە کارەکانیان بەباشی جێبەجێ نەدەکرد بیڵ گێتس هاواری لەسەر فەرمانبەرەکان دەکرد بۆیە ستافی کارەکە دەیان گوت ڕازی کردنی بیل گیتس گەلەك زەحمەت بوو.

کۆمپانیای (IBM) بیل گیتس و پول ئالن یان ئاگادار کردەوە کە سیستەمی کار پێکردنی بەرنامەیان بۆ دروست بکەن، (IBM) ئامادەبوو بەپێدانی ملاین دۆلار بەوان ئەگەر بتوانن بەو کارە هەڵسن, بیل گیتس بەهەموو مەرجەکان رازی نەبوو، لەپاشان سیستەمەك دروست کرابەناوی (-QDOS 86) بۆیە کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت) مافی کۆپی کردنی ئەو سیستەمەی وەرگرت بە نرخی (25) ملیۆن دۆلار پاشان ئەو سیستەمەیان پێش خست بەناوی (MS-DOS) فرۆشتیانە کۆمپانیای (IBM) ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو کە وەك ئەستێرەیەکی جیهان دەرکەوتن، لەو کاتەوە نێوانی کۆمپانیای (IBM) و (مایکرۆسۆفت) خۆش بوو ژمارەی فەرمان بەرانی (IBM) زۆربوو دەگەیشتە ( 1000 ) فەرمانبەر و قازانجیان ساڵانە (306) ملیار دۆلار بوو لەهەمان کاتدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ژمارەی فەرمانبەرانی کەمتر بوو (32) فەرمانبەر و قازانجێکی کەمی ساڵانەیان هەبوو.

پاشان بیڵ گێتس دەستی بەدروست کردنی بەرنامەی Word1.0 کرد کە (3.5) ملیۆنی بۆ رێکلام کردن تەرخانکرا.

بەڵێ بیڵ گێتس باشترین دە بەرنامەی دروست کرد، هەر لەو کاتە دەستی کرد بە دروست کردنی ویندۆز، دوو ساڵ پێوەی خەریك بوو شەو و رۆژی کردبووە یەك، بەڵام کارەکەیان زۆر لاواز بوو ئەویش تەنها ماوس دیاربوو بۆیە بیڵ گێتس زۆر دڵگران بوو بەسەرنەکەوتنی پرۆژەکە بەڵام کۆڵینەدا ئەوە بوو جهانی کۆمپیوتەر یەکەم ویندۆزی بەخۆوە بینی خەونی بیڵ گێتس و پوڵ ئالن هاتە دی.

لە 13 / 3 / 1986 ناوی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کەوتە بازار و بیڵ گێتس و پوڵ ئالن بونە خاوەنی مەلاین دۆلار بیل گیتس بوە دەوڵەمەند ترین کەس لە ئەمریکا و ژمارەی فەرمانبەرانی بووە (1200) فەرمانبەر.

دوای ئەوە کۆمپانیاکانی تر بەچاوێکی خراپ سەیری بیڵ گێتس یان دەکرد و چەندین کێشەیان بۆ دروستکرد بەتایبەت کۆمپانیای (ئەپڵ) کە کێشەکان وای بەسەر هات چووە دادگاکان بەڵام بیڵ گێتس لە هەموو ئەو کێشانە قوتاری بوو.




هەر ئەوکات بیڵ گێتس چەندین کتێبی بڵاو کردەوە یەك لەو کتێبانە (ڕێك بۆ بەرەو پێش چوون) لە ساڵی (1995) لە نیۆرك بڵاوی کردەوە، بەماوەی شەش هەفتە ژمارەیەکی زۆری لێ فرۆشرا.

لە 1 / 1 / 1994 بیڵ گێتس بووە خاوەن خێزان لەگەڵ (مليندا فرانسو دالاس) سێ منداڵی هەیە بەناوی.

1. جینیفر کاسرین جایتس (1996).
2. روری جون جایتس.. (1999)
3. وفویب ئەیدل جایتس. (2002).

بیڵ گیتس لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندیە کەسێکی فەقیر دۆست و خێرکەرە یەکێك لەفەرمانبەرانی (مایکرۆسۆفت) بەناوی (ستیف بالمیرئێك) دەڵێت بیڵ گێتس لەهەموو کەسێك زیاتر ئیمەیڵ وەردەگرێت رۆژانە زیاتر لە (4) ملیۆن ئیمەیل وەردەگرێت و فەرمانبەری تایبەتی لەسەر ئیمەیڵەکانی داناوە بۆ رێك و پێکی ئیمەیڵەکانی.

بیڵ گێتس لە هەر چرکەیەك (250) دۆلار قازانج دەکات ئەمەش دەبێتە (20) ملێۆن دۆلار لە رۆژێکدا.

www.c4kurd.com

# گۆڕین و بەکوردی کردنی ویندۆز ئێکس پی و شیکردنەوەی پڕۆگرامی Restorator

- (١ لە ٢) -




سۆران عەلی پیرۆت
soranpro@yahoo.com

ئێمە زۆر جار دەبینین کە ویندۆزەکان لە بازاڕدا بەچەند زمانێك هەن و گۆڕانکاری زۆریان لەناودا کراوە هەر لە زمانەوە تاکو بچوکترین ئایکۆنیش، زۆرجاران ئەوەندە گۆڕانکاری ووردی تێداکراوە هیچ شێوازی ویندۆزە ڕەسەنەکەی بەسەرەوە نەماوە ، بۆ ئەوەی ئێوە شارەزابن و هەوڵ بدەن بۆخۆتان ویندۆزەکەتان بەشێوەیەك کەخۆتان ئارەزووتان لێیە بگۆڕن، لەم بابەتەماندا بەووردی تیشك دەخەینە سەر کاری پڕۆگرامی Restorator و دواتر گۆڕینی ویندۆز و ناساندنی ئەو فایلانەی کە دەبێت هۆی گۆڕینی زۆربەی Windows XP و هەروەها پاراستنیان لەناو سیدیدا، وەکو کاتێك دەست دەکەیت بە فۆڕمات کردنی کۆمپیوتەرەکەت بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو فایلانەی کە گۆڕانکاریت تێداکردوون بەکاربخرێن .

سەرەتا دەست دەکەین بە شیکردنەوەی پڕۆگرامی Restorator کە دەتوانیت ئەم پڕۆگرامەت لە سایتی سەرەکی دا دەست بکەوێت کە ئەمەش لینکەکەیەتی www.bome.com/Restorator

ئەم پڕۆگرامە بەکاردێت بۆ گۆڕینی زۆربەی ئەو بەنامانەی کەئێکستێنشنی فایلەکانیان (exe, dll, sys...هتد) ە بەشێوەیەك کە لەکاتی کردنەوەی فایلەکان لەناو بەرنامەکەدا ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەکی بەش بەش کراو ناو ئەو فایلە نیشان دەدات بۆ ئاسانکاری کردن لە کاتی گۆڕانکاری تێدا کردن، ئەم پڕۆگرامە لە شەش لیست پێکهاتووە کە کە دوو لیستیان سەرەکین و زۆر بەکاردێن لەکاتی گۆڕانکاری لە فایلەکاندا ئەوانیش لیستی (File & Resources). کە بنچینەی گۆڕانکاریەکەن، و هەروەها شریتێك لە سەرەوەی پڕۆگرامەکەیە کە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئاسانکاری لەکاتی گۆڕینی فایلەکان. ئەمەش وێنەی ڕووکاری پڕۆگرامەکەیە:

لیستی File



ئەم لیستە دەست دەگرێت بەسەر کردنەوە و داخستنی یاخود پاراستنی فایل و پڕۆگرامەکان ،

ئەم لیستە لەم بەشانە پێکهاتووە

1- New کە بەکاردێت بۆ کردنەوەی یون تایتلێك کە لە ڕاست خۆیەوە سێ جۆر یون تایتڵی داوە کە بەئارەزووی خومان هەڵیدەبژێرین .

2- Open بە کاردێت بۆ کردنەوەی ئەو فایلەی یان ئەو پڕۆگرامەی کە خۆمان مەبەستمانە.

3- Save بە کاردێت بۆ پاراستنی ئەو فایلەی کە کردومانەتەوە یان ئەو فایلە کە گۆڕانکاریمان تێدا کردووە.

4- Save as بە کاردێت بۆ پاراستنی ئەو فایلەی کە کردومانەتەوە یان ئەو فایلە کە گۆڕانکاریمان تێدا کردووە، بە ناوێکی تر، واباشە ئێمە بەم بەشە فایلەکانمان بپارێزین چونکە هیچ کاتێك فایلە کۆنەکە یان پڕۆگرامە کۆنەکەمان لە دەست ناچێت .

5- Run بەکاردێت بەکارخستنی یاخود بینینی ئەو پڕۆگرامەی کە گۆڕانکاری تێدا دەکەیت.

6- Close بەکاردێت بۆ داخستنی ئەو فایلەی کە لەناو پڕۆگرامەکەدا کراونەتەوە و دەست نیشانت کردووە .

7- Close all بەکاردێت بۆ داخستنی هەموو ئەو فایلانەی کە کراونەوە .

8- Recent files هەموو ئەو فایلانەی کە لەکۆتایدا کردونەتەوە لەم بەشەدا کۆدەبنەوە بۆ ئاسانکاری لە کاتی دووبارە کردنەوەیان.

9- Exit بەکاردێت بۆ دەرچوون لە پڕۆگرامەکە.

بۆ بەرچاو ڕوونی ئەم لیستە بڕوانە وێنەی ژمارە (2):

لیستی Resources



ئەم لیستە دەست دەگرێت بەسەر گۆڕانکاری تەواو لەو فایلەی کە کردوتەوە یان ئەو فایلەی مەبەستتە ، کە دەتوانی ئەم لیستە بەکاربهێنیت تەنها بە کردنی کلیکێکی ڕاست لەسەر ئەو فایلەی یان ئەو وێنەیەی کە مەبەستتە بیگۆڕیت .

ئەم لیستە لەم بەشانە پێك دێت:

1- Rename بەکاردێت بۆ گۆڕینی ناوی ئەو فایلەی یان ئەو بەشەی دەست نیشانت کردووە .

2- Delete بەکاردێت بۆ سڕینەوەی ئەو فایلەی یان ئەو بەشەی دەست نیشانت کردووە .

3- Copy بەکاردێت بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەو فایلەی یان ئەوبەشەی دەست نیشانت کردووە .

4- Paste بەکاردێت بۆ دانەوەی بەشی لەبەرگیراوە ، کاتێك تۆ بەخاڵی سێ یەم فایلەکە کۆپی دەکەیت دەتوانی بەم بەشە فایلەکە لە شوێنێکی تر دابنێیتەوە.

5- Add resources بەکاردێت بۆ زیادکردنی بەشێکی تر لەناو ئەو فۆڵدەرانەی کە لەلای چەپی پڕۆگرامەکە کراونەتەوە ، بەمەرجێك شوێنی زیاد بوونەکەت دیاری کردبێت .

6- Set language ID بەکاردێت بۆ زیاد کردنی زمانێکی تر بۆ ناو فایلەکەت یان ئەو پڕۆگرامەی گۆڕانکاری تێدادەکەیت .

7- Extract بەکاردێت بۆ ناردنەدەرەوەی ئەو فایلەی یان ئەو وێنەیەی کە دەست نیشانت کردووە ڕاستەوخۆ بۆ سەر دیسکتۆپ، ئەم بەشە زۆر گرنگە لەکارەکەماندا چونکە کاتێك تۆ دەتەوێت وێنەیەکی Windows XP بگۆڕیت ئەوا پێویستە یەکەم جار بەم بەشە وێنەکە بنێریت بۆ سەر دیسکتۆپ، دواتر لەهەر بەرنامەیەك بێت بۆ نمونە بەرنامەی فۆتۆشۆپ گۆڕانکاری تێدا دەکەین، ئینجا بەم بەشەی دواتر کەلە (خاڵی 8) دا ڕوونکراوەتەوە ئەم وێنەیە دێنینەوە جێگای هەمان ئەو وێنەیەی کە بردمان بۆ سەر دیسکتۆپ.

8- Assign بەکاردێت بۆ هێنانی وێنە لەناو کۆمپیوتەرەکەمانەوە بۆ جێگای ئەو وێنەیەی کە دەست نیشانمان کردووە، یاخود ئەو وێنەیەی کە لە (خاڵی 7 ) دا گۆڕانکاریمان تێداکرد .


9- Res files بەکاردێت بۆ پاراستنی ئەو فایل وێنەیەی کە دەست نیشانت کردووە لەبەرنامەکەدا بەجۆری res ، و هەروەها کردنەوەی فایلە پارێزراوەکانی کە لەجۆری res دان.

10- Find in resources بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی نووسین لەهەموو ئەو فایلانەی کە کردوتنەوە، ئەویش تەنها بەنوسینی پیتێك یان ووشەیەك .

11- Find next بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی نوسین بەڵام ئەم بەشە یەك لەدوای یەك نوسراوەکان دەدۆزێتەوە.


بۆ بەرچاو ڕوونی ئەم لیستە بڕوانە وێنەی ژمارە (3):

ئێستا دەست دەکەین بە گۆڕانکاری




لە پڕۆگرامێدا بۆ ئەوەی زیاتر لە ووردەکاریەکانی ئەم بەرنامەیە شارەزابن ، دواتر دەست دەکەین بە گۆڕینی فایلەکانی Windows XP، سەرەتا کە پڕۆگرامەکە دەکەینەوە دەتوانین بە Open ئەو بەرنامەیەی کە دەمانەوێت بیهێنینە ناوەوە یاخود دەتوانین بە کردنی کلیکێکی ڕاست لە سەر ئەو پڕۆگرامەی کە دەمانەوێت گۆڕانکاری تێدا بکەین ئینجا Open with restorator هەڵدەبژێرین، دەبینین بەشەکانی بەرنامەکە لەناو بەرنامەی Restorator دا دەکرێنە و بۆ گۆڕانکاری تێداکردن ، بۆ نمونە ئێمە بەرنامەی Multimedia Builder دەگۆڕین کاتێك کە بەرنامە دەهێنینە ناوەوە دەبینین فایلەکانی ئەم بەرنامەیە لەلای چەپی بەرنامەی Restorator دەبێتەوە کە لەم بەشانە پێکهاتووە (Version- Icon -) Bitmap-Menu – Cursor- Accelerator – String - Dialog بەڵام هەر پڕۆگرامە و شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم فۆڵدەرانە ، بەڵام ئەمانە لەزۆر پڕۆگرامدا دەکرێنەوە و بەشێوەیەکی گشتی لەزۆر پڕۆگرامدا هەن کە دەتوانی پڕۆگرامەکەیان پێ بگۆڕیت کاتێك فۆڵدەری Bitmap کلیك دەکەین ئەوا هەموو ئەو وێنانە دێنە پێش چاو کە لە پڕۆگرامەکەدا بەکارهاتوون، کاتێك کلیك لەسەر فۆڵدەری Menu دەکەین ئەوا مینۆی پڕۆگرامەکە دێتە پێش چاو کە دەتوانین لیستەکانی File - Edit - View ....– بگۆڕین بڕوانە وێنەی ژمارە (4):

هەروەها لە فۆڵدەری Dialog



دا هەموو ئەو پەنجەرانە دەگۆڕین کە لەکاتی کارپێکردنی بەرنامەکەدا دێتەڕێمان ،کاتێك یە کێك لە پەنجەرەکان هەڵدەبژێرین لەلای ڕاست پەنجەرەکە پیشان دەدات ، بەڵام یەکەم جار گۆڕانکاری تێدا ناکرێت تاکو کلیکێك لەسەر ئەو ئایکۆنە نەکەی کە لە سەرەوەی پڕۆگرامی Restorator کە AB ی تێدانوسراوە لەناو چوارگۆشەیەکدا ئینجا پەنجەرەکە چالاك دەبێت بۆ گۆڕانکاری تێدا کردن. بڕوانە وێنەی ژمارە (5).



---




## فێربوونی ئینتەرنێت لە ١٠ خولەکدا!!

رۆژانە ئەگەر هەر یەکێکمان سەردانی کتێبخانە و کتێب فرۆشەکانی سەر شەقامەکان بکەین، ئەوا چەندین کتێبی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێت، ئەم کتێبانە هەریەکە و لەبوارێك لە بوارەکانی ژیان قسە دەکەن، خۆ ئەگەر یەکێك لەو کتێبانە دەست دەیت و چاوێکی خێرای پێدا بخشێنیت ئیتر بۆت دەردەکەوێت مەبەستی سەرەکی ئەو کتێبانە تەنها بازرگانی کردن یان زیادکردنی ژمارەی بڵاوکراوەکانە. لەوێ تۆ دەتوانیت ناونیشانی سەیر سەیر بخوێنیتەوە، هەر لە چارەسەری گرفتە دەروونییەکان، تا ناسینی بەختت لە ڕێگای ئەستێرەکانەوە، یان جوانترین مەسیجەکانی مۆبایل و باشترین لێکدانەوە بۆ خەونەکان، ئەمە جگە لە (فێربوونی فۆرمات و دروستکردنی داتابەیس و دیزاینی سایت تەنها لە 10 خولەکدا) و زۆر ناونیشانی تریش.

ئەوەی من لێرەدا زیاتر مەبەستمە لەسەری بدوێم، ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و نووسینە لە بواری کۆمپیوتەر و ئایتیدا، ئەوەی لەم بوارەدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە ڕۆژانە کەسانێك کە خۆیان بەکارهێنەرێکی سادەی کۆمپیوتەرن، ئەو زانیارییە کەمەی لەسەر یەکێك لە بەرنامەکان لایان کۆبۆتەوە، دەیکەنە کتێبێك و بەفۆتۆشۆپیش بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دروست دەکەن و بێ پێداچوونەوەی زمانەوانی و بێ نیشاندانی بە کەسانێکی پسپۆڕ دەیخەنە بازاڕەوە. ئیتر لێرەوەش زنجیرە کتێبەکانی نووسەر دەست پێدەکات و دەبێت بەردەوام بێت بۆ هەموو بەرنامەکان کتێبی خۆی هەبێت و کەس نەبێت لەم بوارەدا شان بدات لە شانی. لەو لاشەوە نەبوونی چاودێرییەکی زانستی ڕێکوپێك زیاتر کارەکەی ئەمانی ئاسان کردووە و هەر کتێبەکە ئامادەبوو ژمارە سپاردنی پێدەدرێت و کەس نییە ڕەخنەیەکیشی لێ بگرێت.

هۆی ئەمەیە ئێستا بازاڕەکان پڕبوون لەو جۆرە کتێبانەی کە قەبارەیەکی گەورە و سوودێکی کەمییان هەیە، هەرچەندە لەم بوارەشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە چەندین هەوڵی جددی هەن و کتێبی زانستی و بەسوودیش کەوتۆتە بازاڕەوە، بەڵام لەبەر زۆری نووسینە نا زانستییەکان ئەوانیش لەناو ئەماندا ون بوون و لێك جیاکردنەوەیان ئەستەمە.


بۆ چارەسەری ئەم گرفتە سەرەتا دەبێت ئەوانەی دەیانەوێت لەم بوارەدا بنووسن بزانن کە بۆ نووسین لە هەر بوارێکدا دەبێت پسپۆڕ بیت، یان هیچ نەبێت زانیارییەکانت زۆر لەوە زیاتر بێت کە دەینووسیت، چونکە ئەگەر وا نەبوو ئەوا دڵنیابە دەکەویتە هەڵەوە و خەڵکیش بە هەڵەدا دەبەیت.. هەروەك دەبێت ئەوەش بخەینە روو کە نووسین بە تایبەت لە بوارە زانستییەکاندا زیاتر کاری دامەزراوە و دەزگا زانستییەکانی وەك زانکۆیە، دەبێت زانکۆکانمان ساڵانە بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە زنجیرە کتێبی خۆیان بخەنە بازاڕەوە، یان هیچ نەبێت زانکۆ لیژنەی تایبەتی هەبێت و هەر کتێبێك لە هەر بوارێکی زانستیدا بنووسرێت ئەو لیژنەیە پێداچوونەوەی بۆ بکات.. هەروەها خوێنەرانیش دەبێت لە هەڵبژاردنی سەرچاوەی فێربوونیاندا وردتر بن و ئەرکی حکومەتیشە ڕێ بە هەموو نووسراوێك نەدات کە ببێت بە کتێب و بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

qaradakhi@gmail.com

---

# ئاگاداربە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کێشت زیاد نەکات!!

لە توێژینەوەیەکی ئەمەریکی ئەم دواییە کە لەسەر هەزارەها فەرمانبەری کەرتی زانیارییەکان ئەنجامدرا دەرکەوت: لەگەڵ ئەوەی کۆمپیوتەر بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کار ڕاپەڕاندنی ڕۆژانە، کەچی لەهەمان کاتدا زیانی گەورە بە تەندروستی فەرمانبەران دەگەیەنێت بە جۆرێك کە 34%ی ئەو فەرمانبەرانەی کە توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە دانیان بەوە داناوە کە لەماوەی 2 ساڵی کارکردن بە لاپتۆپ و تۆڕی ئینتەرنێت کێشیان بەرێژەی 7 کیلۆ گرام زیادی کردووە، هەروەها 17%ی ئەو کەسانەی کە بەشێوەی خۆبەخت کەرانەش کاردەکەن کێشیان 15 کیلۆ گرام زیادی کردووە هۆیەکەش ئاشکرایە، ڕاستە کۆمپیوتەر کاتی گەڕاندۆتەوە، بەڵام هەلی جوڵانەوەی نەهێشتووە، پێشتر بۆ ئەوەی فەرمانبەران مامەڵەکان وەربگرن، یاخود لە نووسینگەیەك بۆ یەکێکی تری بەرن دەبووایە بجوڵێن، هەتا ئەگەر بۆ چەند هەنگاوێکی کەمیش بووایە، کە ئەمەش جۆرێك لە چالاکی و جوڵەی جەستەیی دەویست، بەڵام ئێستا کۆمپیوتەر هەموو ئەو کارانەی گرتۆتە ئامێز کە پێشتر بەدەست ئەنجام دەدرا، جگە لەمە، لەناویدا چەندان پڕۆگرامی گەیەنەری وەك ماسنجەر و فاکس و پۆستی ئەلیکترۆنی. هەیە، ئەمەش وەها دەکات مرۆڤ لەسەری دابنیشێ و هەموو چالاکییە جەستەییەکانی خۆی بەو ئەنجام بدات.





لەلایەکی تری توێژینەوەکە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بە کا ر هێنا نی کۆمپیوتەر و تە ند ر و ستی ئـــــەوە رونکراوەتەوە کە کۆمپیوتەر دروشمی ژیانی دانیشتنی ڕۆژانـــــەی فە رما نبە را نی بەرزکردۆتەوە، ئەمەش هەر قەڵەوی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو یەك لە هۆکارەکانی هاتنەکایەی نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە و چەندان نەخۆشی ترە. ئاماژە بەوەش دراوە کە لەڕووی تەندروستییەوە جیاوازییەکی وەها نییە لەنێوان ئەو کەسانەی کە ئالودەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هۆگری کێشانی جگەرەن، بۆیە ئامۆژگاری ئەو فەرمانبەرانە دەکەن کە بۆ ماوەی درێژخایان کارەکانیان بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن، هەموو کاتژمێرێك بۆ ماوەی پێنج خولەك لەسەر پێ بوەستن و ڕۆژانەش بۆ ماوەی 30-40 خولەك بەخێرایی ڕابکەن، تاکو قەرەبووی ئەو زیانە بکەن کە بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێ دووچاری جەستەیان دەبێت.

# دروستکردنی فۆڵدەر لە ئیمەیڵی یاهودا


■ زۆرجار کە ئیمەیڵە هاتوەکانمان زیـاد دەبێت و لـە 1000 تـێ دەپەڕێت ئەوکات دۆزینەوەیان ئاسان نییە. لەگەڵ زیـادبوونـی قـەبارەکـانـی ئیمەیڵی یاهوو زۆربەمان ئیمەیڵەکانمان ناسڕینەوە یاخود لەبەر گەورەیی قەبارەی پێدراوت پێویست بە سڕینەوە ناکات. بۆ ئەم مەبەستە لەناو ئیمەیڵی یاهوو دەتوانیت چەندان فۆڵدەر بکەیتەوەو هەر یەکەیان بۆ ئیمەیڵی تایبەتی هاتوو بۆت دەستنیشانیان بکەیت.

بۆ نمونە ئێمە ئیمەیڵی برادەرەکانمان لەناو فۆڵدەرێکی جیا لە فۆڵدەری Inbox دادەنێین تاکو بتوانین بە ئاسانی ئیمەیڵەکان بدۆزینەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕیگەیەی خـوارەوە دەگرینە بـەر بۆ دروستکردنی فۆڵدەرێك لە ئیمەیڵی یاهوو:

سەرەتا ئیمەیڵی یاهوو بکەرەوە و لەلای دەستە چەپ هەموو فۆڵدەرەکانی تایبەت بە ئیمەیڵەکەت هەیە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:





لـەسـەرەوە وەکـو چۆن دەستنیشانمان کردوە نوسراوە Folders و لەبەرامبەریەوە Add هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی فۆڵدەرێکی تازە دروسـت بکەین ئـەوە کلیك لـەسـەر Add دەکەین و ئەوکات روکارێکمان بۆ دەردەچێت بۆ ئەوەی ناوی فۆڵدەرەکە هەڵبژێرین وەکو لەم روکارە دەردەکەوێت:





وەکو دەبینین ئێمە نوسیومانە Friends و ئەمانەوێت فۆڵدەرەکەمان ناوی ئەوە بێت و ئـەوکات کلیك لـەسەر ئۆکەی دەکەین. دوای ئەوە سەیر دەکەین لە خوار ئینبۆکس و بەشەکانی ترمان ئەو فۆڵدەرە بەو ناوەوە دروست دەکرێت. وەکو لەو وێنەی ئەوبەردا دیارە:

سـەیـر دەکـەیـن لـە نـاو ئیمەیڵەکەمان فۆڵدەرێك بـەنـاوی Friends زیادبووە و هـەروەهـا ئـەگـەر سـەرنج بدەین پێشتر فـۆڵـدەری تریش دروسـت کـراوە بەناوی c4kurd و Hevar و زۆری تر.




ئێستا دوای ئـەوەی فۆڵدەرەکەمان دروسـت کرد چۆن بتوانین ئەو ئیمەیڵەی کە لـەنـاو ئینبۆکسدایە بیخـەینە نـاو ئەو فۆڵدەرەی کە دروستمان کردوە.

کـارەکـە زۆر ئـاسـانـەو کـاتێك دەچین ئیمەیڵەکەمان دەکەینەوە لەلای چەی ناوی کەسی نێردەر چـوار گۆشـەیەك هەیە بۆ دەستنیشان کردنی ئیمەیڵەکە، ئێمە ئەو چـوار گۆشـەیە دەستنیشـان دەکـەیـن و ئەوکات لەسەرەوە کۆماندێك هەیە بەناوی Move to و کلیك لەسەری دەکەین. سەیر دەکەین روکارێك دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:




سـەیر دەکەین لە روکارەکە Friends هەیە و ئێمە کلیك لەسـەر ئـەو دەکەین و ئەوکات ئەو ئیمەیڵە دەچێتە ناو فۆڵدەری Friends ەوە. بـەم شـێوەیە دەتوانین هەموو ئیمەیڵەکانمان دابەش بکەین بەسەر فـۆڵـدەرداو ئـەوکات بە ئـاسانی دەتوانین ئیمەیڵی تایبەتی و خـێزانـی و بـرادەرو جۆرەکانی تر بدۆزینەوە.

# سایتێک و چەندین فەرهەنگی زمانی فارسی




■ سایتی (www.ragrak.com) سایتێکی فارسییە و ڕووکارێکی قەشەنگی هـەیـە، ئـەم سـایتە چـەنـدین فەرهەنگی زمانی فارسی لەگەڵ زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فـەڕەنـسـی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ئیسـپـانـی، فنلـەنـدی، سـویـدی) لەخۆی دەگرێت و بۆ قوتابیان و ئەوانەی زمانی فارسی دەزانـن سـوودی زۆری هەیە، ئەم سایتە بێجگە لە فەرهەنگ چەندین بەشی تریشی تێدایە، بایەخێکی تری ئەم سایتە لەوەدایە کە فەرهەنگەکان قەبارەیان زۆر بچووکە و چەند میگابایەتێکە و تەنها بە چەند هەنگاوێك و ماوەیەکی کەم داونلۆد دەکرێن.

بـۆ داونـلـۆدکـردنـی فـەرهـەنگی فارسی - عەرەبی / عەرەبی - فارسی دەتوانیت یەکسـەر ئەم لینکە بەکاربهێنی کە بریتییە لە:

www.ragrak.com/soft/qamoos.htm

پێویستە ئـامـاژە بـەوە بـدەیـن کـە بۆ سوود لێوەرگرتن و دروسـت بەکارهێنانی ئـەم فەرهـەنگە دەبێت بۆ نووسینی ئەو وشـە فارسییەی بـەدوایـدا دەگـەڕێین لە Language Barدا پیتەکانی زمانی فارسی بۆ سـەر کیبۆرد ئیزافە بکەین، ئەمەش بەمشێوەیە دەکرێت: Control Panel + Regional and Language Options + Languages + Details + Settings + Add + Input Language + ئینجا هـەڵـبژاردنـی زمانـی فـارسـی (Farsi +) Ok بەمشێوەیە دەبینین زمانی فارسیش ئیزافەی سەر زمانەکانی ناو Language Bar دەبێت لەسەر شریتی تاسکباڕدا و لە کاتی پێویستدا ئەکتیڤی دەکەین.



هـەروەهـا بۆ فـەرهـەنـگی ئینگلیزی-فارسی کە بە ناوی (دیکشنری گلائی)یە یەکسـەر ئەم لینکە بەکاربهێنە:

www.ragrak.com/soft/dictionar-ies.htm



محەممەد مێرگـەیـی
muhamada4@yahoo.com

# باکگراوندی پرۆگرامی (نیرۆ Nero)کەت بکە بە وێنەی خۆت

■ زۆر نهێنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر هەیە کە ڕەنکە زۆرێك لە ئێمەی پەیمان بەو نهێنیانە نەبردبێت، کە هەندێك لەو نهێنی پرۆگرامـانـە کـاری زۆر جـوان و سـەرنج ڕاکێشن، ئەوەی من دەمەوێت لەم بابەتەدا بـاسـی لێوە بکـەم تایبەتە بە پرۆگرامی نیرۆ.

پرۆگرامی نیرۆ یەکێکە لە پرۆگرامەکانی کۆپی کردنی سیدی و دیڤیدی، کە زۆر نـاسـراوە لای هـەمـوو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر و ڕۆژانە بەکاریدەهێنن بۆ تۆمار کردنی سیدی و دیڤیدی بۆیە لێرەدا پێویست ناکات زۆر باس لەو پرۆگرامە بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی لێوە بکەم چۆنیەتی گۆڕینی باکگراوندی پرۆگرامی نیرۆیە بۆ هەر وێنەیەك بەویستی خۆت، کە بە چەند کردارێکی ئاسان ئەو کارە ئەنجام دەدرێت.

وەك هەمووومان دەزانین وینەی سەرەکی پرۆگرامی نیرۆ بەمشێوەیە:




بـۆ گۆڕینـی بـاکگـراونـدی پرۆگرامەکە لەبەشی خـــوارەوە کلیـك لەسـەر ئەو ئایکۆنـــە دەکەین کە سەهمەکەی لەسەرە وەك وێنەکە دیارە:




دواتر ئەم بەشە دەکرێتەوە کە وەك لە وێنەکەدا دیـارە لە دوو بـەش پێکهاتووە، ئێمە کلیك لەسەر (Style) دەکەین پاشان سەحێك لـەبـەرامـبـەر (Custom Back-ground)دادەنـێـیـن دواتـر کلیك لەسەر (Browse) دەکەین وێنەیەك دیاریدەکەین کەببێتە باکگراوند بۆ پرۆگرامی نیرۆکەمان دواتـر بـەرنـامـەکـە دادەخـەیـن و پاشان دەیکەینەوە دەبینین باکگراوندی پرۆگرامەکە گۆڕاوە بۆ ئەو وێنەیەی کە دەستنیشانمان کردبوو.





# چۆنیەتی بەکاهێنانی بژمێر (Calculate) لە مایکرۆسۆفت وۆرد ٢٠٠٣


گەیلان مەهدی
gayllan@ymail.com

بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد بەرنامەیەکی بەهێزە زۆر نهێنی هەیە ئێمە پێی نازانین هەرچەندە زۆربەمان بەکاری دەهێنین و لێی شارەزایین بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتی نوێی لێ فێر دەبین و کۆتایی بە کارەکانی نایەت، بە پێویست دەزانرێت یەکێك لە کارەکانی ئەم بەرنامەیەتان ئاشنا بکەم، ئەویش بەکارهێنانی حاسیبەیە لە وۆرد بەشێوەیەکی زۆر ئاسان، فەرموون سەیری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکەن.

سەرەتا کلیك لەسەر (Tools) دەکەین و (Customize) هەڵدەبژێرین ئەم پەنجەرەیەمان بۆ دەکرێتەوە پاشان لە سەرەوە کلیك لەسەر (Commands) دەکەین، وەکو وێنەی ژمارە١.





ئینجا لە خوارەوە هەڵدەستین کلیکێك لەسەر (Rearrange Commands) دەکەین، هەروەها لە (Menu bar) شوێنێك هەڵدەبژێرین بۆ دانانی حاسیبەکە،




من (View)م هەڵبژاردووە، وەکو وێنەی ژمارە٢.

پاشان لەلای ڕاست کلیك لەسەر (Add) دەکەین، وەکو وێنەی ژمارە٣.

ئینجا لە (Categories) دا (Tools) هەڵدەبژێرین و لە (Commands)یش (Tools Calculate) هەڵدەبژێرین و





(Ok) دەکەین، وەکو وێنەی ژمارە٤.




ئێستا گەر بێتو لیستی (View) بکەینەوە دەبینین فرمانێکی نوێ زیاد بووە ئەویش (Tools Calculate)ە، وەکو لە وێنەی ژمارە پێنجا روون بۆتەوەو لە سەرەوەی مینوەکاندا دەرکەوتوە.


لێرەدا پێویستمان بەوەیە کە بزانین ئەم





کاری کۆکردنەوەو هەر هاوکێشەیەك کە دەینوسیت چۆن جێ بەجێ دەکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەر هاوکێشەیەکت هەبوو ویستت ئەنجامەکەی بزانیت تەنها هاوکێشەکە لە فایلێکی ۆردا بنووسە بە شێوەیەکی دروست و دواتر دەست نیشانی بکە ( سەلێکتی بکە )

ئینجا لە لیستی (View) کلیکێك لەسەر (Tools Calculate) بکە. وەکو لەم وێنەیەدیارە:




لە خوارەوەش ئەنجامەکەت نیشان دەدات. وەکو لەم وێنەیەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:



**سی فۆر کورد**

هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە
بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنوسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693 – 07702124447
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

## مەرجی شوکردنی کچێک دابینکردنی سێ کۆمپیوتەرە بەهێڵی ئینتەرنێتەوە!

گەنجێکی سعودی لەڕێو ڕەسمی مارەکردنی کچێکی سعودی تەمەن 20 ساڵ پەشیمان بووەوە، لەبەر لەوەی کچەکە مەرجێکی زۆر سەیری دانابوو لەسەر کوڕەکە. مەرجەکەش بریتی بوو لەدابینکردنی سێ کۆمپیوتەر، دەزانی، لەبەر ئەوەی لەناو ئینتەرنێت تێکەڵی و پەیوەندی دروست دەبێت لەنێوان کوڕان و کچاندا لەڕێگەی چات و یانەکانی ناو تۆڕی ئینتەرنێت.

شایەنی باسە ئەو مامۆستا ئاینییەش کە بانگ کرابوو بۆ مارەکردنی



کە هەرسێکیشیان بەسترابێتەوە بەهێڵی ئینتەرنێتەوە بۆ هەتاهەتایی لەژیانی هاوسەرییان. هەر ئەم مەرجەش وای لە کوڕە گەنجەکە کرد کە لە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە پەشیمان ببێتەوە و ڕازی نەبوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو مەرجە، چونکە بە بڕوای کوڕەکە دابین کردنی کۆمپیوتەرێك کە بەسترابێتەوە بەهێڵی ئینتەرنێتەوە بە کارێکی نا پەسەند و حەرامی کچەکە زۆر سەرسام بوو بەداواکاری کچەکە، هەرچەند وتیشی ئەو داواکارییە شتێك نییە کە نەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەشی ڕونکردەوە کە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە کاری مارە بڕین و هاوسەرگیری لەنێوان کوڕان و کچاندا دەکات بەڵام تا ئێستا هەرگیز مەرجی لەو جۆرەی نەبینوە. جگە لەوەش ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە زۆرینەی کچان لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیریان تەنها داوای دروستکردنی ماڵی جیا دەکەن، یان داوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ دەکەن، یان هەندێکی تریان مەرجی قورس دادەنێن لەسەر کوڕەکە وەکو دانانی مارەیی پاشەکی بەبڕی نیو ملیۆن ڕیاڵ.

جێی ئاماژە بۆ کردنە هەرچەندە مامۆستا ئاینییەکە زۆر سەرسام بوو لەسەر داواکاری کچەکە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا داواکارییەکەی بەڕاست زانی و وتی زۆر ئاساییە کەوا ئافرەتان بچنە ناو تورِی ئینتەرنێت و کەڵك لەو زانستە وەربگرن و لەمبارەیەشەوە زۆر قسەی بۆ کوڕە گەنجە کرد کە ڕازی بێت بەداواکاری کچکە و بۆی جێبەبجێ بکات، بەڵام کوڕەکە بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو ئەو داوایە جێبەجێ بکات هەر ئەوەش وایکرد پرۆسەی هاوسەرگیریەکە ئەنجام نەدرێت و هەر لایە و بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆشتنەوە.

## گوگڵ ئینسایکلۆپیدیا دروست دەکات




کۆمپانیای گوگڵ وەکو رکابەریەکی ویکیپیدیا کە گەورەترین ئینسایکلۆپیدیایە لە جیهاندا هەستاوە بە دروستکردنی کنۆل (knol) کە کورتکراوەی وشەی (Knowledge) و بە واتای مەعریفە دێت. گوگڵ بەو هیوایەیە بتوانێت پێشی ویکیپیدیا بداتەوەو کنوڵەکەی ببێتە جێگەی بڵاوکرنەوەی بابەت و وتاری جۆراو جۆر، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە شارەزایانی ئەم بوارە رکابەری ویکیپیدیا لەم کاتەو بەو هەموو وتارەی لەودایە ئاسان نیە بۆ گوگڵ بتوانیت بە زووی جێگەی پی لێژ بکات و پێشی بداتەوە.

لینکی سایتەکە بەم شێوەیەو http://knol.google.com هەموو کەسێك ئەگەر ئیمەیڵی گوگڵی هەبێت دەتوانێت بە خۆڕایی بابەتی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە.

ئێستا ئەم ئینسایکلۆپیدیایەی گوگڵ تەنها بە زمانی ئینگلیزیەو بەڵام بەکارهێنەرانی کورد دەتوانن بە کوردی تێدا بابەت بڵاوبکەنەوە و کارەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتیش زۆر بە ئاسانی بەئەنجام دەگات.

## دوا کلیک

## لەجیاتی ببینە سفرە مەرغوب دەبین

**باوکی هێڤار**

■ ڕۆژانە لە ڕۆژنامە فرۆشەکان و خوێنەرانی سی فۆر کوردەوە تەلەفونمان بۆ دەکرێت و داوا دەکەن چۆن ژمارە کۆنەکانی سی فۆر کوردیان دەست بکەوێت.

بەرادەیەك زۆر جار دەڵێین زۆر باشە کۆنەکان مەرغوبترن و با جارێ ژمارەی تازە دەرنەکەین و هەتا کۆنەکان دەفرۆشرێن. چونکە سیروانی جەریدە فرۆش لە هەولێر سەری کون کردوم ئەوەندەی دەڵێت کاکە ژمارەی کۆنم بۆ بهێنە. پێش هەفتەیەك لە ژمارە یەك هەتا ژمارە 12 هەریەکەو 10 دانەم بۆ برد کەچی دوای کەمتر لە هەفتەیەك تەلەفون کرایەوە کاکە فریامان بکەوە ئێستا شەش موشتەری ترم هەیە لە ژمارە 1 دەیانەوێت تا ژمارە 16.

ئەمە جێگەی دڵخۆشیەکی زۆر زۆری ئێمەیە کە بۆ یەکەمین جارە ڕۆژنامەی کۆن بفرۆشرێت، چونکە عادەتەن ڕۆژنامە هەر ئەو ڕۆژەیەو ئیتر دوای ئەو دەکرێتە سفرەی نان خواردن، یان لە دوکانی ئوتوەکان بەکاردێت.

بەڵام خۆشبەختانە سی فۆر کورد هەروەکو چۆن زۆر شتی گۆڕی لە بواری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر بەهەمان شێوە لەبواری فرۆشتنی ڕۆژنامەش گۆڕانکاری کردوەو خوێنەرانی، ژمارەی یەکی سی فۆر کوردیان دەوێت کە ئەوە دەبێت بە ساڵێك بەسەر دەچونیدا.

سەیر نیە ڕۆژنامەیەك ساڵێك لەمەو پێش ژمارە 1ی دەرچوبێت و هەتا ئێستا خوێنەرانی هەوڵی پەیداکردنی هەموو ژمارەکانی بدەن کە ساڵێك دەبێت بڵاو بوەتەوە؟!

لەکەلار چەند برادەرێك هەن ئەوە دوای هەر چەند ژمارەیەك بە سەریەکەوە بۆیان دەنێرین و دەڵین ئێمە دەمانەوێت هەموو ژمارەکانمان هەبێت لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا ناگاتە کەلار بەڵام قەیدی نیە بۆمان کۆ بکەنەوەو بە جوملە دەیبەین. لە ڕاستیدا ئەمە ڕوداوێکی نمونەیی بواری ڕۆژنامەگەریە کە ڕۆژنامەیەك ئێکسپایەر نەبێت و بەردەوام خوێنەرانی ئەگەر ژمارەی 20 بکڕن بیانەوێت هەموو ژمارەکانی تریان بوێت. هەر بۆیە زوو دەڵیم بژی کەلار کە ئەوەندە تامەزرۆی سی فۆر کوردن و بەراستی (موهیمن)!!

سلێمانیش بۆخۆی لەلایەك، هەرچەندە دەبێت ناردن بۆ سلێمانی هەر شاز بێت، مەلا موحسینی جەریدە فرۆش دەڵێت دەبێت ڕۆژنامەکانم بۆ دەق بگرن ئەگینا جەریدە فرۆشەکانی ئێرە تاقەتیان نیە و هەندێکیان لە جیاتی ئەوەی هەشت لاپەڕە بفرۆشن چوار لاپەرەی دەفرۆشن!!! بۆیە دەبێت هەرکاتێك سی فۆر کورد دەردەچێت تا نیوە شەو خەریکی دەق گرتنی ڕۆژنامە بم. بەڵام ئەوە مەوزوعەکەم نیە و قسە قسە ئەهێنیت و ئەمەوێت باسی ژمارە کۆنەکان بکەم کە لە سلێمانی حاڵی چۆنە؟! تا ئێستا زۆر تەلەفون و ئیمەیڵ و مەسیج نێردراوە چۆن ژمارە کۆنەکان لە سلێمانی دەست بکەوێت، منیش هەموو کات وەعدی تەواو دەدەم بۆیان ئامادە دەکەم کەچی هەولێر داوا دەکەن و لە جیاتی سلێمانی دەبێتە نسیبی هەولێر. ئەوانیش بە بێزاریەوە دەڵێن بوو بە قیتارە هەر نەگەیشت.

ئەمانە هەموو جێگەی دڵخۆشیمانەو لەجیاتی ببینە سفرەی نان خواردن ئەرشیفمان دەکەن و هەڵدەگیرێین. لەگەڵ ئەوەی هەڵگرتن جەریدە ئاسان نیە. بۆیە چاومان لەوەیە جەریدەکە بگۆرێیت و ببێتە گۆڤار تا بە ئاسانتر وەکو ئورشیف هەڵبگیرێت. بەڵام ئەو خەونەش ئەوکاتە دێتە دی کە حکومەتەمان چاوێکی بە ئێمەی داماو هەڵبێت و لایەکمان لێ بکاتەوە و یارمەتیمان بدات و بە شێوەی گۆڤارێکی ڕەنگاو ڕەنگ بێتە بەردەستی ئێوەی ئازیز.

(سی فۆر کورد) ئامادەیە ڕێکلامەکانتان لە رووپەڕی لاپەڕەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە
مۆبایلە: ٠٧٥٠٤٦٦٤٢٨٨ یاخود سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.c4kurd.com/reklam.pdf

ئاگاداری گشت ئارەزوومەندانی فێربوون و بەدەست هێنانی بڕوانامەکانی (سیسکۆ) دەکەینەوە، کەوا ئێستا خولەکانی (CCNA & IT) لە کۆلیژی ئەندازیاری – زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر دەستی پێکردووە و،بەشداربوو دوای تەواوکردنی خولەکە بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی تایبەت لە (Cisco) وەردەگرێت.





ناونووسین هەر لە کۆلیژی ئەندازیاری/ ڕاگرایەتی / خۆیەتی دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بەم ژمارانەی خوارەوە بکەیت:

0750 4908450 0750 4638187

